مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

# (الاشكاليات القانونية لحماية المستهلك في مواجهة المنتجات الخطيرة)
## (دراسة تحليلية ومقارنة)

دلڤين لطيف يحيى
فاكلتي قانون والعلوم السياسية والادارة، جامعة سوران، أربيل، العراق
101238286007@soran.edu.iq
أ.د.تحسين حمد سمايل
فاكلتي قانون والعلوم السياسية والادارة، جامعة سوران، أربيل، العراق
Tahsin.smael@soran.edu.iq

**الكلمات المفتاحية:** المنتجات الخطرة، المنتجاة المعيبة، حماية المستهلك، صحة وسلامة المستهلك، المواجهة، المضرور، التعويض، الاشكاليات القانونية

**كيفية اقتباس البحث**

يحيى , دلڤين لطيف , تحسين حمد سمايل, (الاشكاليات القانونية لحماية المستهلك في مواجهة المنتجات الخطيرة) (دراسة تحليلية ومقارنة),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، حزيران ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٦ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# (الاشكاليات القانونية لحماية المستهلك في مواجهة المنتجات الخطيرة) (دراسة تحليلية ومقارنة)

The legal matters to protect consumers against the dangerous protect (A comparative- Analytical study)

Dlvin Lateef Yahya
Faculty of Law, Political Science and Administration, Soren University, Erbil Iraq.
101238286007@soran.edu.iq
Dr.Tahsin Hamad Smail
Faculty of Law, Political Science and Administration, Soran University, Erbil Iraq.
Tahsin.smael@soran.edu.iq

**Keywords** : dangerous products, defective products, consumer protection, consumer health and safety, confrontation, victim, compensation, legal issues.

**How To Cite This Article**
Yahya , Dlvin Lateef ,Tahsin Hamad Smail ,The legal matters to protect consumers against the dangerous protect (A comparative- Analytical study) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, june 2026,Volume:16,Issue 6.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
Addressing the harms caused by dangerous products is an important component of ensuring product safety and preventing the health and material damages that consumers of these products my face. This is achieved by establishing strict standards for the pre- assessment of unprotected products, ensuring product quality before they are introduced to the markets, or by setting appropriate legal rules to determine liability for damages resulting from hazardous products and the method of

compensating the harmed consumer. This research aims to analyze the legal texts that can be relied upon to confront dangerous products in circulation, specifying the responsibility of designated parties such as the government authorities responsible for product safety. It also focuses on the most significant gaps found in the legal texts concerning liability and rehabilitation from the damages caused by these products. To achieve this goal, the research depends on the descriptive- analytical method by studying and analyzing the legal texts, scholarly opinions, and judicial rulings related to the research topic. It also compares excerpts of these provisions in Iraqi legislation, with comparative laws, aiming to find appropriate solutions to fill the gaps in Iraqi legislation related to confronting hazardous products. Due to the absence of a specific legislative framework for harms resulting from products in Iraqi law, significant differences have emerged in the Iraqi Consumer Protection Law compared to legal practices in other countries, whether in defining responsibilities or methods of rehabilitation, including varying definitions of terms such as dangerous and harmful products. Based on the research results, it appears that the general rules of civil liability in Iraqi legislation do not provide sufficient legal protection for affected users, which necessitates issuing specialized laws that guarantee appropriate protection for them and reduce the health risks associated with the use of these products.

**الملخص**

مواجهة أضرار المنتجات الخطرة يعد اجراء مهما لضمان سلامة المنتجات ومنع الأضرار الصحية والمادية التي قد يتعرض لها مستخدموا تلك المنتجات، ويأتي ذلك من خلال وضع معايير صارمة للتقييم المسبق للمنتجات غير المحمية، وضمان جودة المنتجات قبل طرحها في الأسواق، أو من خلال وضع القواعد القانونية المناسبة لتحديد مسؤولية الأضرارالمترتبة على المنتجات الخطرة وكيفية تعويض المستهلك المتضرر. لذلك فان هدف البحث هنا هوتحليل هذه النصوص القانونية التي يمكن الاعتماد عليها في مواجهة المنتجات الخطرة المتداولة، مع تحديد مسؤولية الأطراف المعنية، كالمنتج، التاجر والبائع وكذلك مسؤولية الأجهزة الحكومية المختصة بسلامة المنتجات، مع التركيز على أهم الثغرات الموجودة في تلك النصوص فيما يتعلق بالمسؤولية والتعويض عن أضرار المنتجات. في سبيل تحقيق هذا الهدف، تم الاعتماد على منهج البحث الوصفي التحليلي والمنهج المقارن، من خلال دراسة وتحليل النصوص القانونية وآراء الفقهاء والأحكام القضائية المتعلقة بموضوع البحث، وكذلك مقارنة النصوص والمقتطفات المتعلقة بهذا الموضوع في القانون العراقي مع نصوص وأحكام القوانين المقارنة، بهدف ايجاد الحلول المناسبة لسد هذه الثغرات في التشريع العراقي المتعلقة بمواجهة المنتجات الخطرة. بسبب عدم وجود اطار تشريعي خاص بالأضرار الناتجة عن المنتجات في القانون العراقي، ظهرت فروقات كبيرة في قانون حماية المستهلك العراقي مقارنة بالممارسات القانونية في الدول الاخرى، سواء في تحديد المسؤولية عن الضرر، وطرق التعويض المختلفة، أو حتى في تعريف مصطلحات المنتجات الخطرة والضارة الملوثة نفسها.

بالاعتماد على القواعد العامة مسؤولية العقود والاهمال التي أشير لها قانون المدني العراقي لاتكفل حماية قانونية كافية للمستخدمين المتضررين لتمك المواد مما يستلزم اصدار تشريعات مختصة تضمن حماية ملائمة لهم وتقليل المخاطر الصحية الناجمة عن استخدام تلك المنتجات.

## کێشە یاساییەکانی پاراستنی بەکاربەر لە ڕووبەڕوو بوونەوەی بەرهەمە مەترسیدارەکان (توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە)

**دلڤین لطيف يحيى**

فاکەڵتی یاسا وزانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، بەشی یاسا، زانکۆی سۆران، هەولێر، عێراق

101238286007@soran.edu.iq

**پ.ی.د.تحسين حمد سمايل**

فاکەڵتی یاساو زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەولێر، عێراق

Tahsin.smael@soran.edu.iq

**پوختە**

بەرەنگاربوونەوەی زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان ڕێکارێکی گرنگە، بۆ دڵنیابوونەوە لە سەلامەتی بەرهەم و ڕێگریکردن لە زیانەکانی تەندروستی وماددی کە لەوانەیە بەکاربەرانی ئەم بەرهەمانە ڕووبەڕووی ببنەوە، بە دانانی ستانداردی توندوهەڵسەنگاندنی پێشبینی کراو بۆ بەرهەمە ناپارێزراوەکان و دڵنیابوون لە کوالیتی بەرهەمەکان پێش ئەوەی بخرێنە بازاڕەوە، یاخود بە دانانی ڕێسا یاساییە گونجاوەکان بۆدیاری کردنی بەرپرسیارێتی زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان و چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەی بەکاربەری زیانبەرکەووتوو، بۆیە لێرەدا ئامانجی توێژینەوە بریتیە لە شیکردنەوەی ئەم دەقە یاسایانەی دەتواندرێت پشتیان پێ ببەسترێت بۆڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەمە مەترسیدارە ئاڵوگۆڕپێکراوەکان، لەکاتی دیاریکردنی بەرپرسیارێتی دەستوەردانکەرانی وەک بەرهەمهێن و بازرگان و فرۆشیاران، هەروەها بەرپرسیارێتی دەزگاکانی دەوڵەتی پەیوەندیدار بەسەلامەتی بەرهەمەکان. دیاریکردنی گرنگترین ئەم کەموکوڕیانەی لەم دەقەیاسایانەدا هەن سەبارەت بە بەرپرسیارێتی و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ئەم بەرهەمانە. لە پێناو بەدیهاتنی ئەم ئامانجە پشت بەستراوە بە میتۆدی پەسنی شیکاری و میتۆدی بەراوردکاری بەستراوە، هەروەها میتۆدی بەراوردکاری، لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقە یاساییەکان و بۆچوونی یاسازانان وبڕیارە دادوەریەکانی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوە، هەروەها بەراوردکردنی دەق و بڕگەکانی ئەم بابەتە لە یاسای عێراق لەگەڵ دەق و بڕگەکانی یاسا بەراوردکاران ، بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانەی لە یاسای عێراقیدا هەن سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەمە مەترسیدارەکان. بەهۆی نەبوونی ڕێکخستنی یاسایی تایبەت بە زیانەکانی بەرهەمەکان لەیاسای عێراقیدا، دەرکەوتووە کورتهێنانێکی گەورە هەیە لە یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراق بەراورد بە هاوشێوەکانی لە وڵاتانی بەراوردکار، لە دەستنیشانکردنی بەرپرسی زیان و شێوازی قەرەبوو شێوەجیاوازەکانی، تەنانەت لە ناساندنی خودی دەستەواژەی بەرهەمە مەترسیدارو زیانبەخشەکان. پشتبەستن بەڕێسا گشتییەکانی بەرپرسیارێتی گرێبەستی وکەمتەرخەمی کە لە یاسای شارستانی عێراق ئاماژەیان پێدراوە ناتوانن پاراستنەکی دادپەروەرانە بەدیبهێنن بۆ بەکاربەری زیانبەرکەوتووی

زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان، ئەمەش پێویستی بەدەرکردنی یاسای تایبەت هەیە کە گەرەنتی پاراستنەکی گونجاو بدات بۆیان، وەکەمکردنەوەی مەترسییە تەندروستیەکان لە بەکارهێنانی ئەم بەرهەمانە.

**وشە سەرەکییەکان:** بەرهەمە مەترسیدارەکان، بەرهەمە زیانبەخشەکان، پاراستنی بەکاربەر، تەندروستی و سەلامەتی بەکاربەر، رووبەڕووبوونەوە، زیانبەرکەوتوو، قەرەبووکردنەوە، کێشە یاساییەکان.

**پێشەکی:**

لەڕۆژگاری ئەمڕدا پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لە بواری بەرهەمهێناندا بەجۆرێکە هەرگیز وێنەی نەبووە، سەرەڕای ئەوەی ئەم پێشکەوتنە بۆتە هۆکاری ئاسانکاری بۆژیانی بەکاربەران بەڵام ئەومادانەی کەوا مرۆڤ بەریەکەوتنی رۆژانەی لەگەڵداهەن فرەچەشنن، بەهۆی بەکارهێنانی مادەی کیمیایی جۆراو جۆر لە پیشەسازیەکان، ئەمەش وێڕای چەندان ئامێر کەوا بۆ ژیانی رۆژانە پێویستن لەئەگەری بەکارنەهێنانی ناتەندروست بەهۆی نەبوونی زانیاری یان بوونی خەوش کارگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی مرۆڤ دروستبکەن ببنە هۆی زیان، بەتایبەت ئەم بەرهەمانەی کە هەڵگری سیمای مەترسین وکە پێیان دەگوترێت بەرهەمە مەترسیدارەکان هەربۆیەش یاساو وەک ئامرازێکی رێکخستنی کۆمەڵگا و نزیکی لەگەڵ پێشهاتە ئابوری کۆمەڵایەتییەکان، لەسەریەتی میکانزمی گونجاو بۆ دیاردەسەرهەڵدراوەکانی مامەڵەکردن بەوبەرهەمانە بدۆزێتەوە بۆڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەترسیانەی لەگەڵیانداسەهەڵدەدەن، چ لەڕێگای خۆپاراستن لەو مەترسیانە بێت یان رێگەی چارەسەرکردنیان، بەڵام یاسادانەری عێراقی رێسای تایبەتی بەرێکخستنی زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان رێکنەخستوو، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بەپێویستزاندرا لێکۆڵینەوە بکرێت لەوەی تاچەند ئەورێسایانە گونجاون کە پشتیان پێدەبەسترێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی بەرهەمە مەترسیدارەکانو گرینگترێن ئەم کەلێنانە دەستنیشان بکرێن کە ڕووبەڕووی پاراستنی بەکاربەر دەبنەوە لەکاتی سەهەکدانی زیانی بەرهەمە مەترسیدارەکان و بەراوردکردنیان لەگەڵ یاسای فەرەنسی و ئەمریکی.

**گرنگی توێژینەوە:** پرسی بەرهەمە مەترسیدارەکان چوارچێوەی یاسایان پرسێکی هەرە گرنگە ، بەوپێیەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە تەندروستی و سەلامەتی ژیانی تاکەکان، وکۆمەڵگا هەڵسەنگاندنی دەقەیاساییەکانی پاراستنییان لەزیانەکانی ئەم بەرهەمانە گرینگییەکی تایبەتیان هەیە، بۆ ئەوەی دیاری بکرێن تاچەند لە ئاست پێویستی دان لە پرسی پاراستنی بەکاربەرانی لە خەوش و زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان.

**کێشەی توێژینەوە:** یاسادانەری عێراقی تاچەند پرسی بەرهەمە مەترسیدارەکانی لە بەرچاو گرتوە لەکاتی دارشتنی یاسا پەیوەستەکان؟ یاسا پەیوەستەکان تاچەند توانیویانە کێشەی بەرهەمە مەترسیدارەکان ‌بارودۆخە جۆراوجۆرەکان لە خۆیان بگرن و مافی بەکاربەرپارێزراوبکەن بەبێزیانگەیاندن بە پرۆسەی بەرهەمهێنان؟ ئایە یاسا عێراقیەکان و دەرەکیەکان وەك پێویست پرسەکەیان لە چوارچێوەداوە؟.

**ئامانجی توێژینەوە:** توێژەر مەبەستیەتی لەمیانەی ئەم توێژینەوەیە ئاستی یاسا ناوەخۆیەکان لە میانەی بەراوردکردنیان بە یاسا دەرەکیەکان توانستی پاراستنی تاك و قەربوکردنەوەیان هەڵسەنگێنێت و بۆدیاریکردنی گرنگترین ئەم کەلێنانەی لە یاساکانی پەیوەست بەپاراستنی بەکاربەردا هەن.

**میتۆدی توێژینەوە:** بەمەبەستی چارسەرکردنی کێشەی توێژینەوە، توێژەر میتۆدی شیکاری بەراوردکاری بەکارهێناوە، لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی یاسا نێوەخۆی ودەرەکیەکان بەراوردکردنیان.

**پلانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە دووبەش پێکدێت:

بەشی یەکەم: چوارچیوەیەکی ناساندنی بەرهەمە مەترسیدارەکان ورۆلی دەزگای ناوەندی بۆ پێوانەکردن و کۆنترۆلی جۆری

تەوەری یەکەم : تێگەی بەرهەمە مەترسیدارەکان

باسی یەکەم: پێناسەی بەرهەمە مەترسیدارەکان.

باسی دووەم: جیاوازی بەرهەمە مەترسیدارەکان لەگەڵ لێکچوەکانی لە بارودۆخدا.

تەوەری دووەم: مەبەست لەرووبەرووبوونەوەی بەرهەمە مەترسیدارەکان ورۆڵی دەزگای پشکنین و کۆنترۆلی جۆری سەبارەت بەم بەرهەمە

بەشی دووەم: کێشە یاساییەکانی رووبەرووبوونەوەی بەرهەمەمەترسیدارەکان و چۆنییەتی پاراستنی بەکاربەر.

تەوەری یەکەم: کەمتەرخەمی حوکمەکانی بەرپرسیارێتی لە رووبەرووبوونەوەی بەرهەمە مەترسیدارەکان.

باسی یەکەم: کێشەی دیاریکردنی سروشتی یاسای بەرپرسیارێتی زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان:

باسی دووەم: کێشەی دیاریکردنی بەرپرسیارێتی بەرهەمهێنەران ودەزگای ناوەندی بۆ پێوانەکردن و کۆنترۆلی جۆری لەزیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان

تەوەری دووەم : کەمتەرخەمی ئەرکی حوکمەکانی قەرەبووکردنەوە لە رووبەرووبوونەوەی زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان.

باسی یەکەم: کێشەی دیاریکردنی بنەمای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان. بەم شیوەیەی خوارەوە

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی ناساندنی بەرهەمە مەترسیدارەکان.

بەرهەمە مەترسیدارەکان پرسێکی گرنگن، کاریگەریان لەسەر تەندروستی وسەلامەتی تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە، بەتایبەت بەهۆی فرە جۆری مادە پێویستەکان بۆ چالاکیە پیشەسازیە جۆراوجۆرەکان، لەدوو تەوەرە تیشکی دەخەینە سەر.

**تەوەری یەکەم: پێناسەی بەرهەمە مەترسیدارەکان:** کە ئەویش لە دوو باس پێکدێت و تێیدا بەرهەمە مەترسیدارەکان دەناسێنین و لە هاوشێوەکانی جیادەکرێنەوە.

**باسی یەکەم: چەمکی بەرهەمە مەترسیدارەکان:** بەمەبەستی ناساندنی بەرهەمە مەترسیدارەکان لە هەردوو گۆشەنیگای فقهی و یاسایەوە لە بابەتەکە دەڕوانین.

**لقی یەکەم: پێناسەی بەرهەمەمەترسیدارەکان لە رووی زاراوەی یاسا زانان:** یاسازانان دابەش دەبنە سەر دوو رەوت: یەکەم: لەدیدگایەکی تەسکەوە پێناسەیانکردوە، کە پێیان وایە کەوا بەرهەمەکان یان لە سروشدا مەترسیدارن ناکرێت مەترسی لە پرۆسێسی. بەرهەم هێنانیان جیابکرێتەوە، وەک مادە پاککەرەوەکان، قرکەرەکانی مێرووخۆر، چەککان (عبیر، نورهدی،٢٠٢١، ١٥). بۆیە پێویستی رێچکەی گونجاو بیگردرێتەبەر بە مەبەستی پاراستنی بەکاربەر و رێوشوێنی سەلامەتی بەکاربردنی کاڵا روونبکرێتەوە هاوتا لەگەڵ زیانەکانی، یانیش بەرهەمەکان لە سروشتدا سەلامەتن بەڵام لەکاتی کەوتنە بازاڕ بەردەستی بەکاربەر لە ئەنجامی

کارلێك ناوەخۆی یان دەرەکی لەگەڵ مادەی تر دەبنە مادەی زیانبەخش، وەك خواردنەوە گازیەکان یانیش داودەرمانەکان، بەشێك لە ڕێوشوێنەکانی سەلامەتیان پەیوەستە بە بەکارهێنانیان دوای کردنەوەی قوتوەکان لە ماوەیەکی دیارکراو یان هەڵگرتنیان لە پلەیەکی گەرمی و شێی دیاریکراودا (حسان،٢٠٢٢: ١٢٥-١٢٦)، یانیش بەرهەمەکە لە سروشت و کارلێکیش سەلامەتە بەڵام نەبوونی زانیاری لە بەکارهێنان ئەبێتە هۆکاری زیان گەیاند، وەك بەکارنەهێنانی بەشێك لە ئامێرەکان بەشێوازێکی ناتەندروست بەهۆی نوێگەری ئامێرەکەوە، بەتایبەتی ئەگەر فرۆشیار ئاگاداری کڕیار نەکاتەوە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنیان، (أمنه، ویسام، ٢٠١٨، ٥٢).

دووەم: ڕەوتی فراوانکردنی بیرۆکەی بەرهەمە مەترسیدارەکان، بەجۆرێك کەوا بەرهەمە خەوشدارەکانیش بگرێتەوە (کهینه،٢٠١٧، ١٨٩) ، ئەم پرسانەش بەشێوەیەکی گشتی دوو هۆکاریان هەیە یەکەمیان کەم و کوڕی لە دیزاین ونەخشەکێشان (صبرینة، شریفة،٢٠٢٢، ٦)، یانیش هۆکارەکانی کێشەکان پەیوەستە بە قۆناغی دروستکردن وەك دروستی دیزاینی سوکانی ئۆتۆمبێل و کەم و کوڕی لە مادە بەکارهاتوەکان کە ئەکرێت گرفت بۆ ئەدا دروستبکەن(عبیر. نورهدی،٢٠٢١، ١٧)، هەرچی پەیوەستە بە یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٠) مادەی (٧)دا، باس لە پابەندبوونەکانی دابینکەر دەکات داوادەکات، دڵنیابێت لەبوونی زانیاری وتایبەتمەندیەکان و پێکهاتەی تەواو لەبەرهەمەکە ... کە لە گۆشەنیگایێکی بەرتەسکەوە سەیری بابەتەکەی کردوە، پێویستە یاسەکە لە پێناسەیەکی گشتگیر هەردوو ڕەوتەکە لەخۆیبگرێت.

**لقی دووەم: پێناسەی بەرهەمە مەترسیدارەکان لەڕووی زاراوەی یاساییەوە:** لە یاسای شارستانی عێراقی ژمارە(٤٠) ی ساڵی ١٩٥١ پێناسەی بەرهەمە مەترسیدارەکان نەکراوە، بەڵام لە مادەی (٢٣١) بەرپرسیاریی ئەوکەسانە دیاری دەکات کە ئامێر یان شتێکی مەترسیدار بەکاردەهێنن و زیان دەگەیەنن، تەنها ئەگەر ڕێوشوێنی سەلامەتیان گرتبێبەر(محمد، ٢٠٢١، ٢٧٣)، شلۆڤاکاران باس لەوە دەکەن مەبەست لەم مادەیە بەرهەمە مەترسیدارەکانن کاتێک باس لە پێوەری ئەم شتانەی پێوویستیان بە چاودێری تایبەت هەیە ( زینب جاسم محمد، ٢٠٢٠، ٢٧٣).هەروەها لە یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراق ژمارە (١) (٢٠١٠)، مادەی (٥/چوارەم) بەرهەمە مەترسیدارەکان بە شێوەیەکی روون پێناسە نەکراون. تەنها بە چەمکی "سەرپێچی" ئاماژە کراوە و بەرهەمە مەترسیدارە خەوشدارەکان بەمەش کەموکوڕی بەرهەمەکان و ئاسایشی بەکاربەر پشتگوێخراوە (جعفري، ٢٠٢٢، ١٦٤-١٦٥).

سەبارەت بەیاسای ئەمریکی لە ڕێنماییەکانی بەرپرسیاری کەمتەرخەمی بەشی ( ٤٠٢A) ساڵی (١٩٩٧) هەرکەسێک بەرهەمێکی مەترسیدار بفرووشێت و زیان بە بەکارهێنەر بگەیەنێت، بەرپرسیارە، بەمەش ئەوبەرهەمانەش دەگرێتەوە کە لە بنەڕەت سەلامەتن و کەموکوڕی دۆخی مەترسیداریان بۆ زیادکردوە بۆسەربەکاربەر، (محمد،٢٠٢٠، ٢٧١)، لە یاسای فەرەنسی. ژمارە ٧٨-٢٣ی پەیوەندیدار بە پاراستنی بەکاربەرو زانیاری لەبواری کاڵاو خزمەتگوزاری لە مادەی یەکەم ئاماژەی بە مەترسی ئامێر و کاڵاکان کردوە لە دۆخی ئاسایی، بەڵام یاسادانەر هەستی بەم کەم و کوڕیەکردوە بۆیەش لە هەمواری یاساکەدا لە مادەی (٢٢١ - 1L)، لە مادەی یەکەم هاوتا لەگەڵ دۆخی ئاسایی باسی لە مەترسی کردوە لە دۆخیدیکەدا، (کهینة، ٢٠١٧، ٢٠٢-٢٠٣)، هەروەها لە بڕگەی دوو و برگەی سێی مادەی (٤-١٣٦٨) یاسای شارستانی فەرەنسیدا ئەگەری دەرکەوتنی کەم و کوڕی لەدۆخی جیاوازدا بەهەند وەرگیراوە، بەمەش هیچ پێوەری

یەکگرتوو نییە بۆ دیاریکردنی "بەرهەمە مەترسیدار". ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەوا هەر وڵاتێک بەگوێرەی سیستەم، کولتوور و دۆخی ئابووری خۆی دەست بە پێناسەکردن دەکات، بەنمونە فەرەنسا پشتی بە سەلامەتی گشتی دەبەستێت، ئەمریکا بە "مەترسی نەگونجاو"، هەرچی عێراقە پێوەریەک یان پێناسەیەکی روون نەداوە، لەبەر ئەمەش پێویستە یاسای عێراق پێناسەیەکی روون بنووسێت بەو شێوەیەیە: بەرهەمە مەترسیدارەکان ئەوانەن کە بە سروشت، یان بەهۆی هەڵەی لە دروستکردن یان بەکارهێنان، مەترسییەکی جەستەیی یان مادی بۆ بەکارهێنەر دروست دەکەن، کە ئەمەش وادەکات متمانەی بەکارهێنەر پارێزراوبێت، ئاسانکاریدەکات لە دیاریکردنی بەرپرسیاریی یاسایی، چارەسەری خێرا لە کاتی دروستبوونی مەترسی.

**باسی دووەم: جیاکاری بەرهەمەمەترسیدارەکان لەگەڵ هاوشێوەکانی:** بەرهەمە مەترسیدارەکان هاوشێوەی هەیە لە رووی باروودۆخەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەم باسەدا لە دوولق جیاوازیان نیشاندەدەین لەگەڵ بەرهەمە خەوشدارەکان و بەرهەمە مەترسیدارەکان:

**لقی یەکەم: جیاکاری بەرهەمە مەترسیدارەکان لەگەڵ بەرهەمە خەوشدارەکان:**

جیاکردنەوەی بەرهەمەخەوشدارەکان لەگەڵ بەرهەمە مەترسیدارەکان مشتومڕی زۆری لەسەرە لەلایەن یاساناسان (شواربي،٢٠١٧، ٣١٢) ، بەرهەمەخەوشدارەکان بەتێگەیشتنی نوێ: ئەو بەرهەمانەن، کەموکوڕی هەیە لە بەرهەمەکەدا یان لە شێوازی پێشکەشکردندا، کە مەترسی لەسەر سەلامەتی ژیانی یان ماڵی بەکاربەریان هەڵگرەکەی دروست بکات. (بومعزة، سعدي،٢٠٢٢، ٣٧) ئەم پێناسەیە بۆ بەرهەمی مەترسیداریش ئەشێت " ، (علي، ٢٠١٢: ٢٠٢) بۆیەش بەم شێوەیە ئەکرێت لێکیان جیابکەینەوە:

یەکەم: بەرهەمەخەوشدارەکان کە دابەش دەبنە سەر دوو جۆر: جۆری یەکەمیان: ئەو بەرهەمانەن کە لە سروشتدا زیانبەخش نین، وەک: بەرهەمەخۆراکیەکان .....، بەڵام لە قۆناغی بەکارهێنان، بەکاربردن زیانبەخش دەبن بەهۆی بوونی خەوش تیاندا، (العزاوي، ٢٠٠٨، ١١٨) جۆری دووەمی بەرهەمە خەوشدارەکان، ئەو بەرهەمانەی لە سروشتی خۆیان مەترسیدارن پێویستیان بەرێنمای ورد هەیە لە جێبەجێکردن بەڵام مەترسیان زیاد دەکات بەهۆی بوونی خەوشتێیاندا.

دووەم: بەرهەمەمەترسیدارەکان: ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە ئەگەری مەترسیان دەبێت لە میانەی جێبەجێنەکردنی وردی رێنمایەکان یان نەبوونی وەك ئامێرەکان (الناصر، السفيان، ٢٠٢٤، ١٩). ئەم بەرهەمانەی کەوا رێنمای سەلامەتی فیزیکی وردی لەگەڵ نیە بە بەرهەمی مەترسیدار هەژماردەکرێن(علي،٢٠١٢، ٢٠٤)، کەواتە ئەکرێت بڵێین: بەرهەمە مەترسیدارەکان ئەوانەن، کە مەترسییەکی سروشتی یان ناوەکییان تێدایە، بەڵام بەرهەمە خەوشدارەکان ئەوانەن کە ناگونجێن لەگەڵ ستانداردو تایبەتمەندییە یاسایی و سەلامەتییەکان.

**لقی دووەم: جیاکاری بەرهەمە مەترسیدارەکان لەگەڵ بەرهەمە ساختەکان:** یەکەم: پێناسەی بەرهەمە ساختەکان: ساختەکردن گوزارشتە لە شاردنەوەی ڕاستی کەلوپەل، یاخود گۆڕانێکە لە بەرهەمێك کە ببێتە هۆکاری کەموکوڕی(العبيد،٢٠١٦، ٢٥٨) ، بەمەش ساختەکردن هەردوو رەگەزە مادی و مەعنەویەکانی مەبەستداری لەخۆی دەگرێت(أحمد٢٠١١، ٧٠- ٧٢) ، وەساختەکردن بە دوو میکانزمی سەرەکی ئەسازێت یەکەمیان: ساختەکردن لەرێگای تێکەڵکردن یان زیادکردن، وەك زیادکردنی ئاو بۆ شیر بەمەبەستی زیادکردنی رێژەکەی کە ئەبێتە هۆی دابەزینی کوالێتی، (النصر، ٢٠٠٨،

٥٨)دووەمیان: کەمکردنەوە یان لابردنی توخمێکی بەرهەمێك کە ئەبێتە مایەیەکی کەمکردنەوەی کوالێتی وەك لابردنی چەوری شیر بێئاگادارکردنەوەی کڕیار(العبید،٢٠١٦، ٢٦٢). سێیەم: بریتیە لە ساختەکردن لەڕێگەی پیشەسازیدا وەك فرۆشتنی شەربەتی ووشك کراو بە شەربەتی سروشتی بێ ئاماژەپێکردنی، لە هەمانکاتدا دەکرێت ساختەکاری لەڕێگەی بەرهەمهێنانەوە ڕوویدات، بە لابردنی هەندێک لە توخمە بنەڕەتیەکان یان گۆڕینی مادەیەک بە ماددەیەکی تر، کە دەبێت بەپێی بنەما یاساییەکان، یاخود دابونەریت لە دروستکردنی کاڵادا جێگیربکرێن. (النصر، ٢٠٠٨، ٥٧)، بەمەش بەرهەمە مەترسیدارەکان لە ساختەکان جیادەکرێنەوە لەچەندین ڕوو شێوە لە ڕووی ئامانجەوە بەرهەمە مەترسیدارەکان لە پێناو بەدیهێنانی خواستێکی بەرکابەر دەخرێنەڕوو، بە پێچەوانەی بەرهەمی ساختە کە لە پێناو خواستێکی بەرهەمهێنن دەخرێنەڕوو، بەرهەمە ساختەکان پشت بە شاردنەوەی زانیاری دەبەستێت لە بەکاربەر، بەپێچەوانەی بەرهەمی مەترسیدار کە سەرباری بوونی زانیاریەکانیش مەترسیدارن لە ئەگەری بەرکارهێنانی ناتەندروست یان ڕوودانی هەڵ و مەرجێکی دیارکراو، بەرهەمە ساختەکان مەرج نییە مایەی مەترسیبن بۆ سەر سەلامەتی بەکاربەر، بە پێچەوانەی بەرهەمی مەترسیدار (العبید، ٢٠١٦، ٢٦٣)، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەرهەمی ساختە گۆڕانکاریە لە ناوەڕۆکی بەرهەکە، بە پێچەوانەی بەرهەمی مەترسیدار کە مەترسیەکەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی ناتەندروست دروستدەبێت، لە ڕووی بەرپرسیاریەتی یاساییەوە تاوانی ساختەکردنی بەرهەمەکان لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە بەرهەمدەهێنرێت، بە پێچەوانەی بەرهەمی مەترسیدار کە بەرپرسیاریەتیەکەی لەبازاڕەوە دەستپێدەکات (الصقر، ٢٠٠١، ٣٨- ٣٩) .

**تەوەری دووەم: مەبەست لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەمە مەترسیدارەکان وڕۆڵی دەزگای پشکنین وکۆنتڕۆلی جۆری سەبارەت بەم بەرهەمە،** لەم تەوەرەدا، لەچوارچێوەی دوو باسی جیاوازدا ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەمە مەترسیدارەکان و ڕۆڵی دەزگای پشکنین وکۆنتڕۆلی جۆری دەخرێنەڕوو، لە باسی یەکەم باسی ئامانج لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەمە مەترسیدارەکان دەکەین و باسی دووەم تەرخان دەکەین بۆ باسکردنی ڕۆلی دەزگای پشکنین وکۆنتڕۆلی جۆری لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەمە مەترسیدارەکان:

**باسی یەکەم: ئامانج لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەمە مەترسیدارەکان:** لە پشت ڕووبەڕووبەوەی بەرهەمەمەترسیدارەکان چەند ئامانجێک هەن، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی ئامانجی هەرە گرنگ، بریتین لە پاراستنی بەکاربەر، باشترکردنی کوالیتی بەرهەمهێنان، زیادکردنی کارایی بەرهەمهێنان.

**لقی یەکەم: پاراستنی بەکاربەر:** پاراستنی بەکاربەر و متمانەکەی گرنگترین برگەکانی ئاسایشی. ئابوری کۆمەڵایەتیە بۆلایەنی بەرهەمهێن و بەکاربەر (رباح، ٢٠٠٦، ٢٢)، بەتایبەت لە پاش شۆڕشی پیشەسازی کە ئامێرەکان وکاڵاکان زۆربون پۆلێنکردنیان کارێکی زۆر ئەستەمە کە کامەیان زۆرترین سودی هەیە، ...تاد (ابراهیم، ٢٠١٨، ١٥).

پاراستنی بەکاربەر، بریتیە لە دروستکردنی هاوسەنگی لەسەربنەمای نەریت و یاسا لەنێوان نرخ و خواستی بەکاربەر بە میانەی ڕێکەوتنی دوولایەنە ، (عبد الحمید، ٢٠٠٩، ٣٥)، لە یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراق لە مادەی (٢) بڕگەی یەکەم، دەڵێت: (گەرەنتیکردنی مافە سەرەکییەکانی بەکاربەرو پاراستنی لە کردارە ناڕەواکان، کە دەبنە هۆی زیان گەیاندن پێیان)، بەمەش هەردوو ڕەگەزی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر، دووەمیان ڕێگریکردن لە زیانگەیاندن پێی،

کە ئەمەش ئەرکی دەزگای پشکنین وکۆنترۆلی جۆریە(وسمان، ٥٥)، کە چەندین میکانزیم پێویستە بگیرێنەبەر بۆ پاراستنی بەکاربەر کە بریتین لە:

١- میکانزمی زانستی کە خۆی لە تاقیکردنەوە هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان دەبینێتەوە کەتاچەند شیاوی پێداویستیەکانن و کوالێتی و ستانداردەکانی تێدا جێبەجێکراوە، کە چەندین ئامرازی زانستی بەکاردەهێنرێن بە مەبەستی پشکنین (وسمان، ٢٠٢٠، ٦٨-٦٩).

٢- میکانیزمە یاساییەکانی پاراستنی یاسای بەکاربەر: کە ئەویش لە ڕێگەی دەرکردنی یاساو ڕێسای تایبەتەوە ئەنجام دەدرێت کە بەرهەمهێنەکان ملکەچدەکات بەپێی ستانداردێکی دیاریکراوی کوالێتی هەنگاوبنێن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی بەرهەمەکە کە بەشێوازێکی زانستی دیاریکراون، (مهدی، ٤٢) ئەمەش وێڕای مافی قەرەبوو کردنەوە، سەرباری گرنگی ئەم مافانە بەڵام یاسای عێڕاقی لە مادەی (٦)ی یاسای پاراستنی بەکاربەر بەشێوەیەکی ڕوون ئاماژەی بەم مافەنەداوە، بەڵام خودی یاساکە لە پێناو بەرژەوەندی و سەلامەتی بەکاربەر داڕێژراوە، (عباس، ٢٠٢١، ١٧) بەمەش پێم وایە دەبوو بڕگەیەك لە مادەی (٦) بوونی هەبوایە بەم شێوەیە: بەکاربەر مافی تەندروستی و سەلامەتی هەیە لەکاتی بەکارهێنانی ئاسایی بەرهەمەکان.

وە لەمافەکانی بەکاربەر مافی دەست گەیشتنە بەتەواوی زانیاریەکانی بەرهەمەکە پابەندبوون بە"ئاگادارکردنە"، (امان، ٢٠١٨، ١١٤)کە لە ڕەگەزەسەرەکیەکانی ئاگادارکردنەوە دەستبەری زانیاری لە بارەی شێوازی تەندروستیانەی بەکارهێنانی بەرهەم، (موسی، ٢٠١٩، ٢٨٤) دووەمیشیان هۆشیارکردنەوەیە لە مەترسیەکانی بەرهەمەکە و زیانەکانی و ڕێکارەکانی خۆپارێزی لێیان (یامنە، وسمام،٢٠١٨، ٦١)، یاسا سازی عێڕاقیش لە مادەی(٦) ی یاسای پاراستنی بەکاربەری عێڕاقی هاتووە، لە بڕگەی (ب) باس لە زانیاری تەواو سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی کاڵاکان وفێربوون دەربارەی ڕێگا دروستەکانی بەکارهێنان... دەکات)( مادەی (٦) بڕگەی (أ) وبڕگەی (ب) یاسای بەکاربەری عیراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٠) بەڵام یاساکە چاوپۆشی لە خاڵێکی گرنگ کردوە ئەویش مافی تەندروستی وسەڵامەتییە لەکاتی بەکارهێنانی بەرهەمەکە... پابەندکرن بە پێدانی زانیاری لە بارەی شێوازی تەندروستی بەکارهێنان، هەروەها لەڕێنمایەکانی بەرپرسیاریەتی کەمتەرخەمی ئەمریکی لەبەشی ( ٤٠٢)، کەمووکوڕی لەپێدانی زانیاری لەسەر بەرهەمەکان بەیەکێک لە جۆرەکانی عەیب لە بەرهەمەکانی داناوە، یاسادانەری فەڕەنسی-چەندین یاسای دەرکردووە، کە زۆرینەیان پەیوەندیان بە پاراستنی بەکاربەرە لەوانەش یاسای بەکارهێنانی فەڕەنسی- ژمارە(٩٤٩-٩٣) ساڵی ١٩٩٣، بەشی یەکەمی لە مادەی (١/١١١) ئەو یاسایەی تەرخانکردووە بە پابەندبوونەکی گشتی بە"ئاگادارکردنەوە(حسان،٢٠٢٢، ٨٥).

**لقی دووەم: باشکردنی کوالیتی بەرهەمهێنان:** بباشکردنی کوالێتی بەرهەمهێنان بریتیە لە کۆمەڵێک دەرکەوتەو تایبەتمەندی لەسەر بەرهەمێک بەجۆرێک ئەم بەرهەمانە توانای تێرکردن و پێداویستی و ڕەزامەندی کڕیار بەدەستبێنێت( سلام، سعاد، ٢٠٢٢، ٤٥) و گرنگترین فاکتەرە بۆ بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتمانی، لە ڕێگەی بە بازارکردنی بەرهەمەکان و پاراستنی سەرچاوە سروشتیەکان، (عبدوس، ٢٠١٣: ).

هەموو ئەمانەش لەڕێگەی تایبەتمەندی و ستانداردکردنیان دێتەدی، کە بەهۆیەوە دەتواندرێت بەوردی باشترین کەرستەی گونجاو دیاری بکرێت، لە ڕێگەی پشکنین وتاقیکردنەوەی بەرهەمەکان، (عبدالودود، ٢٠٢٠، ٢٦٤)

**لقی سێیەم: زیادکردنی کارایی بەرهەمهێنان:** کارای بەرهەمهێنان، بریتیە لە ڕێکرەوی پرۆسێسەکانی بەرهەمهێنان بەکەمترین سەرچاوەی سروشتی و مرۆی بۆ دروستکردنی کاریگەری

نەرێنی لەسەر کوالێتی کاڵاکان، بەشێوەیەکی گشتی ئەو فاکتەرانەی کە کاردەکەنە سەر ڕێکرەوی بەرهەمهێنان بریتیە لە: کارامەی هێزی مرۆی، گونجاوی تەکنیك و تەکنەلۆژیایی بەردەستت بە مەبەستی خێراکردنی پرۆسێسەکان و ئەنجامدانیان بەشێوەیەکی ورد و کەمکردنەوەی خەرجی (وهاب، ٢٠٢١: ١١-١٢.)، بەمەش بەرنگاربوونەوەی بەرهەمە مەترسیدارەکان ئەبێتە مایەی پاراستنی هێزی مرۆی و زیادکردنی حەزی کارکردنیان، دووەمیان ئەبێتە مایەی گونجاندنی تەکنیکەکانی بەرهەمهێنان و تەکنەلۆژیایی بەردەست زیاتر گونجانیان لەگەڵ هێزی مرۆی.

**باسی دووەم: ڕۆڵی دەزگای ناوەندی پشکنین وکۆنترۆڵی جۆری لەرووبەڕوونەوەی بەرهەمەمەترسیدارەکان:** بۆ زانینی ڕۆل و گرنگی دەزگای پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری لە پاراستنی بەکاربەر لە بەرهەمە مەترسیدارەکان، لە دولقدا چەمکەکەی شی دەکەینەوە لە ڕووی زارەوە و لەڕووی ئەرکەوە:

**لقی یەکەم: چەمکی کۆنترۆڵی جۆری:** کۆنترۆڵی جۆری بریتییە لە کۆمەڵێک سیماو تایبەتمەندین لە بەرهەمێک، کە پێشتر ئامادەکراون بەگوێرەی سیستەمی دیاریکراو بەجۆرێک بتوانن پێداویستی و خواستی کڕیاران دابین بکات ئەم تایبەتمەندیانە لەسەر بنەمای گەیشتن بە ئامانجەکانی و کوالیتی هاوجووتی ئاراستەدەکرێن.(رافد فاضل مراد،٢٠١٧، ٥١). یاخود بریتیە لە کۆمەڵە ڕێکارێک کە مەبەست لێی دڵنیابوونە لەوەی بەرهەمێکی دروستکراو یان خزمەتگوزارییەکی ئەنجامدراو پابەندە بەکۆمەڵێک پێوەری دیاریکراو بەجۆرێک پێداویستییەکانی بەکاربەر بەدیبهێنێت.( Priyanka Verma,2020,1).

**لقی دووەم: ئەرکەکانی بەشی کۆنترۆڵی جۆری و ڕادەی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەمەمەترسیدارەکان:** یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٠، دەسەڵاتی بەدەزگای ناوەندی بۆ پێوانەکردن و کۆنترۆڵی جۆری داوە کۆمەڵێک ئەرک لە ئەستۆ بگرێت، لە مادەی (٧) برگەی (٢) یاساکە وەك مەرجەع ناوەزەنکراوە بۆ دیارکردنی بنەماکانی بەرهەمی ناوەخۆی دەرەکی (شریف،٢٠١٧، ٤٥)، و لە فەرەنساش دەزگایەکی هاوشێوە هەیە بەناوی (LNE) کە بڕوانامە دەبەخشێتە بەرهەمەکان، بەهەمان شێوەش لە ویلایەتە یەکگرتوەکان، (لیژنەی سەلامەتی بەرهەمەکان) هاوپیشەیە و دەسەڵاتی قەدەغەکردنی بەرهەمەکان و ڕاستکردنەوەی هەیە، (العجيمى،٢٠٢٣، ٦٨٤) لەگەڵ چەندین دەسەڵاتیتریش، دەتوانین گرینگترین دەستەڵاتەکانی پەیوەندیدار بەبابەتی توێژینەوە بخەینە ڕوو، لەوانە پەسەندکردنی تایبەتمەندی بەرهەمەکان و نیشانەی کوالێتیە:

یەکەم: پەسەندکردنی تایبەتمەندیەکان: دەتواندرێن جۆرەکانی تایبەتمەندییەکان دابەشبکرێن، بەپێی نرخی یاسایی و لە ڕووی لایەنی دەرچوون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- لەڕووی نرخی یاسایی چەند تایبەتمەندیێك بوونی هەیە: لەوانە تایبەتمەندییەکانی پابەندی کە بریتیە لە: پابەندکردنی بەرهەمهێنە ناوەخۆیی و هاوەردەکاران، بەتایبەتمەندییەکانی پێوانەکردنی نیشتمانی، کە کەمترین پێداویستی کوالیتی وتەکنیکی بۆ کاڵاو خزمەتگوزارییەکانە، بە مەبەستی دڵنیابوونە لە سەلامەتی بەکاربەر، ئەمەش سەرباری ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی ئابووری وڵات. هەروەها تایبەتمەندییە ئارەزوومەندەکان کە هیچ پابەندبوونێک نییە بەتایبەتمەندییەکان، یان چاودێریکردنی دەزگای کۆنترۆڵی جۆری، بەڵکو بۆ هۆکارە کێبڕکێیەکان و پێداویستیەکانی بازاڕو ئارەزووی بەکاربەران جێدەهێلدرێن، هەروەها سیستەمی تێکەڵاوی تایبەتمەندییەکان: ئەم سیستەمە پێکدێت لەتێکەڵکردنی هەردوو سیستەمی پابەندی و ئارەزوومەندی، لەم جۆرەیاندا زۆرجار تایبەتمەندی پابەندی دەسەپێندرێت بەسەر جۆرێک لە

کاڵاو خزمەتگوزارییەکان، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە تەندروستی وسەلامەتی گشتی ئابووری نیشتمانی ...هتد، بەڵام سەبارەت بە کاڵاو خزمەتگوزارییەکانی تر تایبەتمەندییەکە ئارەزوومەندانەیە، وڵاتی عێراقیش تا ساڵی ١٩٦٣ کاری بەم سیستەمەکردوە تا لە مادەی (١١) یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی ١٩٦٣ی هەڵوەشێندراو کاتێک دەسەڵات دراوە بە دەزگای کوالێتی جۆری (شریف، ٢٠١٧، ٤٩).

٢- لەڕووی سروشتی دەرکردن: چەندین تایبەتمەندی بوونی هەیە لەوانە تایبەتمەندیە نیشتیمانییەکان: کە پێکدێن لەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەستن بە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمێک و پرۆسەو شێوازەکانی بەرهەمێکی تێدا ڕێکخراوە، کە لەلایەن دەزگایەکی پێوانەکردنی تایبەتمەند و دانپێدانراو پەسەندکراوە (صبرينه، أعمر، ٢٠١٧، ٥٦)، وزۆربەی جار ناچارکەرن بەدەق یاسا، وەک تایبەتمەندییەکانی پێوانەکردنی عێراق کە دەزگاکە پشتی پێدەبەستێت، لە مادەی (١١)ی یاسای دەزگای ناوەندی بۆ پێوانەکردن و کۆنترۆڵی جۆری ژمارە(٥٤)ی ساڵی ١٩٥٩ئاماژەی پێدراوە، لەوانەش تایبەتمەندیەکانی کارگە: کە ستانداردێکی دیاریکراون لە لایەن بەرهەمهێن بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی دەوڵەت ڕێکخراون پرۆسێسە جۆراوجۆرەکان بەرهەمهێنان تا دەستی بەکاربەر ڕێکدەخات (هادي، ٢٠٢٥)، ئەم تایبەتمەندیانەش لە بڕگەی سێیەمی مادەی (١١)ی یاسای ناوبراو ئاماژەی پێدراوە، لەوانەش تایبەتمەندییە پێوانەیە نێودەوڵەتیەکان، کە بریتین لەکۆمەڵێك پێوانەی یەکگرتووی جیهانی کە بەسەر گشت بەرهەمهێنەکان دەسەپێن و سنووربڕن لە ئەنجامی هەماهەنگی ئابوری کۆمەڵێك وڵات هاتونەتە کایەوە، بە ئامانجی ئاسانکردنی ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ ستانداردو پێوانەکردن " ئیزۆ" بەیەکێتییەکی نێودەوڵەتی دادەندرێت بۆ ئەم مەبەستە(كريمه، مسعودة، ٢٠٢٣: ). لە مادەی (٧/دووەم) یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقی هەموو بەرهەمهێنەکی پابەندکردووە بەوەی بەرهەمەکانیان هاوتابن لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی نیشتمانی و جیهانی، بەمەش تایبەتمەندیەکانی ڕێکخراوەکە بەسەر بەرهەمە عێراقیەکان دەسەپێن، ئەم پێوانانەش شیاوی گۆڕانن بەهۆی پێشکەوتنی زانستی بەمەش یاساکان شیاوی هەموارکردنەوە گۆڕانن دەق لەسەرهاتووە لە مادەی (٣/دووەم) لە یاسای دەزگای ناوەندی بۆ پێوانەکردن و کۆنترۆڵی جۆری ژمارە(٥٤) ی ساڵی ١٩٧٩ " تایبەتمەندیەکان شیاوی پێداچونەوەو هەموارکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەن (محسن، حمد، ٢٠٢٠: ١٤٩).

دووەم: نیشانەی کوالیتی: مەبەست لێی بریتییە لە: هەر نیشانەیەکی بڕیارلێدراو و دانپێدانراوی تایبەت بە کوالیتی، کە لەلایەن بەرهەمهێنەر، یان هەناردەکار، یان هاوەردەکار بەکار دەهێندرێت، وەک ئاماژەیەک کە بەرهەم و کەلوپەل، یان ماددەکە لەگەڵ تایبەتمەندییە پێوانەییەکان دەگونجێت (ابراهيم، ٢٠١٨، ١٣٩)، گرنگی ئەم نیشانەیش لەوەدایە کە بەرکاربەر بە ئاسانی ئەتوانێت ئاستی کوالێتی بەرهەمەکە بناسێت، کە لەلایەن لایەنێکی بێلایەنەوە خراوەتە سەربەرهەمەکە[1] لەعێراق و هەرێمی کوردستانیش پێدانی نیشانەی کوالیتی لە دەستەڵاتی دەزگای کۆنترۆڵی جۆریە، بەپێی ڕێنماییەکانی نیشانەی کوالیتی عێراق ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١١ مادەی (٦/١)، مادەی (٦/١) ڕێنماییەکانی نیشانەی کوالیتی عێراق ژمارە ژمارە(٢) ی ساڵی ٢٠١١. لەکاتی دەرکەوتنی پێشێلکاری مەرجەکانی نیشانەی کوالیتی چەندڕێکارێک دەگیرێتەبە، وەک :کشانەوەی بەرهەمەکە لە بازاڕدا: بڕیارنادرێت لەسەر

کشانەوەی بەرهەمەکە لە بازاڕدا مەگەر ئەو بەرهەمەی، کە پشکنین و شیکاری بۆ کراوە مەترسییەکی نزیک لە ڕوودانی لەخۆ بگرێت، مەترسی لەسەر تەندروستی و ئاسایشی. بەکاربەر دروست بکات، مەحاڵە هاوتابێت، بۆیە کشانەوەی بەرهەمەکە لە ئاڵوگۆڕوبازاڕدا بەهۆی گومانی ناگونجاوییەوە بە یەکێک لەو هەموارکردنە نوێیانە دادەندرێت، کە یاسانوێکان هێناویانەتە ئاراوە.( طرافي أمال، ٢٠١٣، ٣٠).

## بەشی دووەم: کێشە یاساییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەمەترسیدارەکان و چۆنییەتی پاراستنی بەکاربەر

سەلامەتی بەرهەمەکان تەوەرەی سەرەکی بەرهەمهێنان و یاسا پەیوەستەکانە، گرنگییەکی زۆرتایبەتی هەیە لە دابینکردنی ئاسایشی. کۆمەڵایەتی و گشتی، هەربۆ ئەم مەبەستەش چەندین یاساو ڕێسای تایبەت بەم پرسە چێنراون، لە دوو تەوەرە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەین، لە تەوەری یەکەم باسی کەمتەرخەمی حوکمەکانی بەرپرسیارێتی لەڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەمە مەترسیدارەکان دەکەین، تەوەری دووەم تەرخان دەکەین بۆ باسکردنی کەمتەرخەمی حوکمەکانی قەرەبووکردنەوەی زیانبەرکەوتوو.

تەوەری یەکەم: کەمتەرخەمی حوکمەکانی بەرپرسیارێتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەمە مەترسیدارەکان

### تەوەری یەکەم: کەمتەرخەمی ئەرکی حوکمەکانی بەرپرسیارێتی شارستانی لە ڕووبەڕوبوونەوەی بەرهەمە مەترسیدارەکان

**باسی یەکەم: کێشەی دیاریکردنی سروشتی بەرپرسیارێتی مامەڵەکردن بە بەرهەمە مەترسیدارەکان:** تێگەیشتن لە سروشتی یاسایی بەرپرسیاریەتی کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر دیدی یاسا سازەکان، (حسان، ٢٠٢٢، ٨٨)، یەکێک لە کێشەکانی دیاریکردنی ئەم سروشتە بریتیە لە نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان بەرهەمهێن زنجیرەی فرۆشتن تادەستی بەکاربەر کە بایاسا ڕێکخرابێت سەبارەت بە بەرپرسیاریەتی سروشتی بەرهەمە مەترسیدارەکان (اليعقوب،٢٠١٥: ٢٧٢)، لە یاسای عێراقیدا نەبوونی ڕێسای تایبەت بەبەرپرسیاریێتی بەرهەمە خەوشدارەکان بەگشتی و بەرهەمەمەترسیدارەکان بەتایبەتی، یاسای پاراستنی بەکاربەر ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٠ نەیتوانیوە لە ئاستی پێویستیبێت لەگەڵ پێشهاتە تایبەتەکانی بواری بازرگانی و پیشەسازی، کە پرۆسێسێکی پڕە لە کێشەی یاسایی (عبدالامير، ٢٠٢٢: ٤٧١) ئەمەش بەهۆی پەسەندنەکردنی سیستەمی یەکێتی بەرپرسیارێتی، بۆیە دادگا ناچاراوە بەگەڕانەوەییە بۆ ڕێسا گشتییەکان بەرپرسیارییەتی لە یاسای شارستانی عێراقی، کەیاساناسانی بۆ دووبەرەدابەشکردوە بەشێکیان لەگەڵ بەرپرسیارێتی گرێبەستین کە سەرهەڵدەدات ئەگەر پابەندکار پێشێلی پابەندبوونێکی گرێبەستی بکات، وەبەشێکیان لەگەڵ بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمین کە سەرهەڵدات ئەگەر پێشێلی ئەرکێکی یاسایی بکرێت.

ڕەوتی گرێبەستی پێیانوایە سەرپێچی لە گرێبەست و پابەندبونەکانی بەرپرسیارێتی گرێبەستی لێدەکەوێتەوە، بۆیەش بەرپرسیاریەتەکە گرێبەستیە، وایبۆدەچن کەوا ڕوانین بەم شێوە لە سروشتەکە چەند سوودێکی هەیە بۆ بەکاربەر لە ڕووی سەلماندن و ماوەی بەسەرچوون، چونکە ئاسانکاری دەکات بۆ بەکاربەری زیانبەرکەوتوو لە سەلماندنی جێبەجێنەکردنی ئەم بەرپرسیارێتییەی لەسەرشانی زیانەدەرن، بەڵام ئەگەر بە بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی هەژماربکرێت، ئەوا لەسەر زیانبەرکەوتووە هەڵەی پیشەگەر بسەلمێنێت لەڕێگای هێنانی بەڵگە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەسەر پیشەگەر، کە چاودێری پێویستی نەگرتۆتەبەر، کە بریتییە لە چاودێریکردنی پیاوی ئاسایی، کە ئەمەش کارێکی گرانە لەسەر بەکاربەر، وەلە ڕووی ماوەی بەسەرچوونەوە؛ ماوەی بەسەرچوون بۆ داوایەک لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی گرێبەستی درێژترە بە بەراورد لەگەڵ ماوەی بەسەرچوون لە بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی، لە یاسای شارستانی عێراقی بەگوێرەی مادەی (٤٢٩) بریتییە لە (١٥) ساڵ، لە کاتێکدا بەگوێرەی بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی (٣) ساڵە لەو ڕۆژەی زیانبەرکەوتوو ئاگادار دەبێت بەڕوودانی زیانەکە یان دوای تێپەڕبوونی (١٥) ساڵ بەسەردەچێت، لە ڕۆژی ڕوودانی کاری زیانبەخش بەگوێرەی مادەی (٢٣٢) هەمان یاسا، بەم شێوەیە ڕێساکانی بەرپرسیارێتی گرێبەستی باشترە بۆ کەسی زیانبەرکەوتوو، بە تایبەتی زیانەکە لەوبەرهەمانە ڕەنگە دوای ماوەیەکی زۆر لەبەکارهێنیان یان پاراستنی ئەو شتە مەترسیدارەی لە سوڕانەوەو ئاڵوگۆڕدایە بدۆزرێتەوە (محمود، ٢٠١٦، ١٤٩،١٤٧-١٥٠).

ئەم بۆچوونەش کەوتۆتە بەر ڕەخنەگرتن وایدەبینن گرێبەست تەنها پەیوەستە بە نێوان گرێبەستکاران، کە زۆرینەی کات فرۆشیار و کڕیارن. بەپێی ئەمەش داوای بەرپرسیارێتی لە لایەن گرێبەستکاری زیان بەرکەوتوو تەنها دژی لایەنی تری گرێبەستکارە، ئەگەرچی گرێبەستەکانیش بە زنجیرەیەکەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە تا بەرهەمهێن بەڵام هیچ شتێکی یاسایی بەیەکەوەیان نابەستێتەوە جگە لە زنجیرەی فرۆشتن، ئەمەش وێڕای ئەوەی کەوا کڕیاری نا گرێبەستکار گیردەخوات لە ئەگەری بەرکەوتنی زیان، ئەمەش وێڕای ناسەقامگیری پێگە یاساییەکان و مامەڵەی نایەکسان لە نێوان زنجیرەکانی فرۆشتندا. (سخرية، ٢٠١٣، ٨٢-٨٣)

لایەنگرانی ڕەوتی کەمتەرخەمی چەند پاساوێکیان هەیە لەوانە: پێیوایە کەوا بەرپرسیاریەتی خاڵیکردنی بەرهەم لە مەترسی بەرلەکەوتنە بازاڕ دەستپێدەکات کە هیچ گرێبەستێك واژۆنەکراوە بەمەش بەرپرسیاریەتەکە کەمتەرخەمیە، ئەمەش وێڕای سوودەکانی بۆ زیانبەرکەوتوو لەڕووی، مەودای قەرەبووکردنەوە، چونکە ئەرکی بەرهەمهێنە کەوا قەرەبووی زیانبەرکەوتوو بکاتەوە لەگشت زیانەکان چاوەڕوانکراوبن یاخودنا، ئەم بابەتە لە بەرپرسیارێتی گرێبەستی دا نییە، بەڵکو قەرەبووکردنەوە تەنها زیانە چاوەڕوانکراوەکان دەگرێتەوە،(محمود، ٢٠١٦، ١٤٣-١٤٤) (العزاوي، ٢٠٠٨: ٣٦٤) لە پاڵپشتی ئەم بۆچوونەدا دەڵێت: بەرهەمهێن لە زنجیرەی فرۆشتن زۆرینەی کات بەکەسی سێیەم هەژماردەکرێت، بەمەش پەیوەستێکی گرێبەستی لەگەڵ بەرکاربەرنابێت، هەربۆیە سروشتی گرێبەستی تەنها کۆفرۆشەکان دەگرێتەوە، بەپێچەوانەی بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی کە سیستەمی گشتی بەرپرسیارێتی شارستانییە (سخرية، ٢٠١٣، ٨٤). بەڵام توێژەر لەگەڵ ئەوەدایە بەرپرسیارێتی زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان بەرپرسیارێتییەکی تایبەتە لەگەڵ ڕوودانی زیان سەرهەڵدەدات، بەبێگوێدانە ئەوەی بەپەیوەندی گرێبەستی بەستراوەتەوە یان نا وەک یاسای فەرەنسی. کاتێک لە مادەی وەک مادەی ١٢٤٥ی شارستانی دەق داوە بەوەی( بەرهەمهێن بەرپرسیارە لەزیانەکانی بەرهەمە کەموکوڕەکانییەوە، جا بەپەیوەندی گرێبەستی بەسترابێتەوە یان نا لەگەڵ زیانبەرکەوتوو). بەهەمان شێوەی هەڵوێستی یاسای ئەمریکی کاتێک لە مادە(A٤٠٢) ی بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی ئەمریکی ساڵی ١٩٩٧ هاتووە( ڕێسای پێشوو کاری پێدەکرێت سەرەڕای ئەوەی فرۆشیار هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستی گرتبێتەبەر لە ئامادەکردن و فرۆشتنی بەرهەمەکانی و بەکاربەر هیچ پەیوەندییەکی گرێبەستی لەگەڵ فرۆشیار نەبێت).

**باسی دووەم: کێشەی دیاریکردنی بەرپرسیارێتی بەرهەمهێن و دەزگای ناوەندی بۆ پێوانەکردن و کۆنترۆلی جۆری:**

**سەبارەت بە دیاریکردنی بەرپرسیارێتی بەرهەمهێن** بۆدیاری کردنی چەمکی بەرهەمهێن ڕای جیاواز هەیەبەشێکیان پێیانوایە بەرهەمهێن بریتیە لە بەرهەمهێنی کۆتایی کە سیمای گشتی بەرهەم بەکاڵادەبەخشێت، بەبێ دابەشکەر، هاوردەکار، دابینکەر، کۆفرۆش، بەرهەمهێنەری پارچەکان، بەمەش بریتیە لە (کەسی سروشتی یان یاسایی، کە پرۆسەی دروستکردن و پێکهێنانی بەرهەم بەشێوەی کۆتای خۆی وەردەگرێت) (العزاوي، ٢٠٠٨: ٩٨) چونکە خەوش لە پرۆسەی کۆکردنەوەی بەرهەم ڕوودەدات، تانەت ئەگەر یەکێك لە پارچەکانیش بەرپرسبێت لە خەوشەکە ئەوا لە پرۆسەی تاقیکردنەوە دوای کۆکردنەوەی بەرهەم دەردەکەوێت (الجعفري، ٢٠٢٢، ١٢٧-١٢٨). ڕەوتێکی تر بەشێوەیەکی بەرفراوان لە چەمکی بەرهەمهێن دەڕوانێت گشت بەشدارەکان لە پرۆسەی بەرهەم و فرۆشتنی دەگرێتەوە، چونکە هەریەکێکیان پێویستە زانیاری تەواوی لەسەر بەرهەمەکان هەبێت و خەوشەکانیان بناسێت (الجعفري، ٢٠٢٢، ١٣٠)، یاسای پاراستنی بەرهەمەکانی عیراقی پێناسەی پێناسەی دابینکەر(المجهز) کردووە کە گشت کەسەکانی زنجیرەی فرۆشتن دەگرێتەوە تا دەستی کڕیار، بەبەرهەمهێنیشەوە، بەمەش بە تێگەیشتنی فراوان لە چەمکەکەی ڕوانیوە ( یاسای پاراستنی بەکاربەری عیراق: م ١، برگەی ٦)، بەهەمان شێوەی یاسای شارستانی فەڕەنسی. لە مادەی (١٢٤٥-٥)ی بەشیوەیەکی فراوان پێناسەی بەرهەمهێنەری کردووە، بەڵام نەك کەسەکانی زنجیرەی فرۆشتن بەڵکو گشت بەرهەمهێن و پیشەگەرەکان لە مادەی خاو تا شێوەی کۆتای بەرهەم بە بەرهەمهێن هەژماردەکرێن، (یاسای شارستانی فەرەنسی، م ١٢٤٥-٥)، بەمەش پێناسەی یاسای شارستانیەتی فەرەنسی گشتگیر و چێوەدارە حەق دەستەواژەکەی بەباشی داوە (الجعفري، ٢٠٢٢: 139) توێژەر لەگەڵ ئەوەدایە کە دەستەواژەی بەرهەمهێنەر کورت بکرێتەوە سەر دروستکەری بەرهەمی کۆتایی، چونکە لە پرۆسێسی تاقیکردنەوەی بەرهەم گشت هەڵەکان ئەکرێت لەدەستی بەرهەمهێنەری کۆتای دەرکەون، ئەمەش وێڕای ئەوەی کەوا بەرپرسیارە لە دیارکردنی کوالێتی پارچەکانی بەرهەمەکەی.

لە یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٠ بەڕوونی ئاماژە بە بەرپرسیارێتی شارستانی هەریەک لەمانەی سەرەوە نەکراوە، سەبارەت بە زیانی بەرهەمەمەترسیدارەکان، تەنها ئەوەی هەیە چەند مادەیەکی کەمن ئاماژە بە پابەندبوون بە زانیارییەکانی پەیوەست بە بەرهەمەکە دەدەن (محمود: ٢٠١٠)، بەڵام دەکرێت شیکردنەوەی فراوانی بۆ بکرێت بەوەی مەبەست لێی بەرهەمەمەترسیدارەکان بێت، وەک لە برگەی دووەمی مادەی (٦)ی ناوبراودا هاتووە (بەکاربەرو هەموو لایەنێکی بەرژەوەندیخواز لە ئەگەری دەستنەکەوتنی ئەو زانیاریانەی کە لە مادەکەدا هاتوون، دەتوانێت هەڵستێت بە گەڕاندنەوەی کاڵاکە بە تەواوەتی، یان بەشێکی بۆ دابینکەر، داوای قەرەبووکردنەوە لە بەردەم دادگا مەدەنییەکان بکات بۆ ئەو زیانانەی بەرخۆی، یان مولکەکەی کەوتوونە لە ئەنجامی ئەمەدا)، واتێدەگەین مەبەستی ئەو بەرهەمانەیە کە بە سروشتی خۆیان مەترسیدارن، چونکە سەرپێچی تەسکراوەتەوە لە پێنەدانی زانیاری (جلال، مصطفی، ٢٠١٤: ١٦٥)، لەمەشدا بەرهەمهێنەرو بازرگان و فرۆشیاران هەمان بەرپرسیاریەتیان لەسەرشانە (حافض، ٢٠٢٠: ٤١). ئەمەش بە کەموکوڕی دادەندرێت، بە پێچەوانەی یاسای فەڕەنسی کە بەرپرسیارێتیەکانی بەشێوازێکی وردتر دابەشکردوە لە زنجیرەی بەرهەمهێنان (جبارة،٢٠١٤، ٢٦) هەروەها بەرهەمهێنی کۆتایی بە بەرپرسیاری یەکەم داناوە ئەگەر دیاربێت، لە ئەگەری دیارنەبوونی فرۆشیار (یاسای شارستانی فەرەنسی، م:



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

١٢٤٥)، یاسای ئەمریکیش هاوهەڵوێستە و بەرپرسیارێتی بەرهەمهێن بەرسیارێتی سەرەکیە، فرۆشیار بەرپرسیاریەتی لاوەکی هەیە، (عبدالغفار، ٢٠٢٤: ٧٥-٧٨).
سەبارەت بە سەرهەڵدانی بەرپرسیارێتی پێویستە بگەڕێنەوە سەر ڕێسا گشتییەکانی بەرپرسیارێتی شارستانی عێراق ترجیح بکرێت لە نیوان بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی و گرێبەستی، ئەمەش بەندە بەو هەڵەیەی، کە هەریەک لە پیشەگەران ئەنجامی داوە، بەڵام پەیرەوی ناوەخۆی یاسای شارستانی زۆر قورسە، چونکە بەکاربەر فەرامۆشی زانیاری بەرهەمەکان دەکات و گرێبەستی لەسەردەکات (محمود،٢٠١٠)، یاسادانەر لە برگەی (د) (یەکەم)ی مادەی (٦) مەرجی داناوە بۆ ئەو کاڵایانەی سروشتەکەیان پێویستی بەگەرەنتی هەیە بۆ ئەو ماوەیەی لەگەڵ دابینکەر ڕێکەوتوون، بەبێ خەرجی زیاد، ماوەی گرەنتیشی- بۆ گرێبەستی دوولایەنە جێهێشتوە، ئەمە وەک کەلێنێک دەبیندرێت، لەسەر بنەمای ئەمە پێشنیاز دەکرێت، کە مادەی (٦)ی یاسای ناوبراو هەمواربکرێتەوە بە زیادکردنی برگەیەکی تایبەت، کە ماوەی گەرەنتی بۆ ئەوکاڵایانە دیاریبکات، کە سروشتیان پێویستی بەو جۆرە گەرەنتییە هەیە (جلال، مصطفی، ٢٠١٥: ١٧٦).
سەبارەت بەرپرسیاریەتی زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارە خەوشدارەکان، پاراستنی سەلامەتی بەکاربەر هۆکاری دارشتنی یاساکە لە قەڵەمدراوە، لە مادە (٢)ی برگەی یەکەم، کە مافە سەرەتاییەکانی بەکاربەر دەپارێزێت کە لە زیانی بەرهەمە مەترسیدار و خەوشدارەکان، جا چاوەڕوانکراوبن یان چاوەڕواننەکراو بەرجەستەبێت بێت یان ئەدەبی (عزیز، ٢٠١٦: ١٨٢)، بەگەڕانەوە بۆ ڕێسا گشتییەکانی بەرپرسیارێتی گرێبەستی دادگاکان هەڵەیەکی گەورە وەردەگرن کە لە مادەی (١٦٩) برگەی سێیەم هاتووە (ئەگەر قەرزار .... هەڵەی گەورەی نەکردبێت، قەرەبووکردنەوە نابێت لەوە زیاتر بێت، کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە کاتی گرێبەستکردندا چاوەڕوان دەکرا، لە ڕووی زیانەکانی یان قازانجی لە دەستچوو)، بەمەش قەرزدار لە گرێبەستەکەدا بەرپرسیاردەبێت لە قەرەبووکردنەوەی تەواوی زیانە چاوەڕوانکراو و پێشبینینەکراو (العزاوي، ٢٠٠٨: ١٨٦)، بەمەش پێویستە زینانبەرکەوتووی زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان بەهۆی بوونی خەوشتێیدا ڕەگەزەکانی بەرپرسیارێتی گرێبەستی بسەلمێنێت، کە ئەمەش کارێکی ئەستەمە بۆ زیان بەرکەوتوو، هەربۆیەش بەرهەمهێن هەمیشە بە تۆمەتباری هەڵەی گەورە دادەندرێت لە بەرهەمی خەوشدار، بەڵام ئەمەش چەند کەموکوڕییێك لە خۆی دەگرێت لەوانە دەکرێت بە ئاسانی هەڵەی گەورە بچوك بکرێتەوە، ئەمەش وێڕای ئەوەی کە بازرگان و فرۆشیاری ئاسایی بەدووردەبن لەبەرهەمی خەوشداری بەرهەمهێن (عزیز، ٢٠١٦: ١٩٠)، هەروەها ڕێسا گشتییەکانی یاسای عێراق ڕێگە نادەن بە گەڕانەوەی کڕیاری کۆتایی بۆ سەر بەرهەمهێن، تەنها لەوکاتەنەبێت کەوا زیانێک لە کەموکوڕی بەرهەمەکەوە ڕوویدات و خەوشەکە زیان دروستبکات، (حامد، خالد: ٢٠٢٢، ١٩). بەمەش زیانبەرکەوتوو دەبێت هەڵەی بەرهەمهێن لەو زیانەی کەوتۆتەوە بسەلمێنێت وابەستەی هۆکاریش هەبێت لە نێوان هەڵەو زیان ئەگەر ئەو مەرجانە هاتنەدی بەرهەمهێن پابەندە بە قەرەبووکردنەوەی تەواو (الصالح، عبدالقادر، ٢٠٢٠: ٢١٩)، وەك لە یاسای شارستانی عێراق ژمارە (٤٠) مادەکانی (١٨٦) و(٢٠٢) کە لەمادەی (٢٠٢) هاتووە (هەموو کردەوەیەکی زیانبەخش بە لاشەی مرۆڤ وەک کوشتن، برینداركردن، لێدان یان هەر جۆرە زیانێکی تر، پێویستی بە قەرەبووکردنەوەیە لەلایەن ئەو کەسەی کە زیانی گەیاندووە) (یاسای شارستانی عێراق ژ٤٠، ١٩٥١، م ١٨٦، ٢٠٢) سەبارەت بەبەرپرسیارێتی بەرهەمهێن لەسەر بنەمای پاسەوانی شتەکان؛ سەبارەت بە یاسای شارستانی عێراق وەک ئاماژەی پێکرا لەبەرئەوەی بەرپرسیارێتی بەرهەمە عەیبدارەکانی

ڕێکنەخستووە بەدەقی تایبەت، بۆیە دادگاو یاسازانان و مەیلیان هەیە بەرپرسیارێتی ئەو بەرهەمانە لەسەر بنەمای هەڵەی گریمانەیی ( الافتراض) دابمەزرێت، هەروەها دەتواندرێت سروشتی بەرپرسیارێتییەکەیان لەسەر بنەمای سروشتی بەرپرسیارێتی شتەکان پێوانە بکرێت (القياس) لەسەر بنەمای هەڵەی گریمانەکراو، خاوەن بینا یان پارێزەری شتەکان. (حامد و عمر،٢٠٢٢، ١٩-٢٠ ) بە گوێرەی مادەی (٢٣١)، کە بەرپرسیارێتی بۆ ئامێرە میکانیکییەکان و ئەو شتانەی تر پێویستیان بە چاودێریکردنی تایبەت هەیە بۆ ڕێگریکردن لە زیانەکانیان ڕێکدەخات. بەڵام پشت بەستن بەو مادەییە چەند کەموکوڕییەکی تێدایە، چونکە بەرپرسیارێتی شتەکان لە یاسای عێراقی دا سنوردارە بە پاراستنی کەسانی دیکە لە زیانەکانی شتەکان کە بە سروشتی خۆیان مەترسیدارن، لە کاتێکدا لایەنی سێیەم کە لە بواری بەرپرسیارێتی بەرهەمەکامدا زیانی پێدەگات و دەبێتە قوربانی زیانەکانی بەرهەمەکان کە لە سروشتی خۆیان مەترسیدارنین، بەڵکو بەهۆی بوونی خەوش مەترسیدارن ناتوانێت لەسەر بنەمای ئەم مادەییە داوا بەرزبکاتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە زیانەکانی بەرهەمەکان چوارچێوەیان فراوانتر لە بازنەی مادەی (٢٣١) (العزاوي، ٢٠٠٨، ٣٥٥). بۆیە بیرۆکەی پاسەوانی ناگونجێت بۆ بەرهەمە مەترسیدارەکان، چونکە ئەو بۆچوونە لە بیری چووە، کە هەموو شتێک سیفەتەکەی هەرچییەک بێت ئەگەر بەشێوەیەکی نا ئاسایی بەکاربهێندرێت دەتوانێت ببێتە شتێکی مەترسیدار، بنەمای پاسەوانی بۆ بەرپرسیارێتی سنووردارە بەوشتانەی پێویستیان بە چاودێری تایبەت و شتی میکانیکی هەیە، ئەمەش جێبەجێناکرێت لەسەر ئەو بەرهەمانەی بە سروشت وسیفەتی خۆیان مەترسیدارن لە بازرگانی وئاڵوگۆڕدان، مەگەر ئەو تایبەتمەندییە بۆ ئەو شتە بووبێت یان ئەگەر خراپ بەکارهێنرابێت (يعقوب،٢٠١٥، ٢٧٩).

هەروەها بەشێک لە یاسازانان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەو پێوەرەی کۆنترۆڵی ڕاستەقینە لە دەستەواژەی " لەژێرکۆنترۆڵدا" کە مادەی (٢٣١) ئاماژەی پێکردوە، لەگەڵ بەرپرسیارێتی شارستانی بەرهەمهێنەر ناگونجێت کە لە ئەنجامی کەموکوڕی بەرهەمەکاندا سەرهەڵدەدات، چونکە بەرهەمهێنەر کۆنترۆڵی ڕاستەقینە یان سەرپەرشتی و پاسەوانی بەرهەمەکەی لە دەستداوە، بۆیە بەکاربەری زیانبرکەوتوو ناچارە بگەڕێتەوە سەر ئەو کەسەی کۆنترۆڵی ڕاستەقینەی هەیە، واتە کەسێکی تر وەک بازرگانی کۆفرۆش یان فرۆشیاری تاکەکەسی نەک بەرهەمهێنەر, کە ڕەنگە نەتوانێت قەرەبوی ئەو زیانە بکاتەوە، کە لە ئەنجامی خەوشی بەرهەمەکانەوە هاتۆتە ئاراوە، لەسەر ئەمەش هەندێک بۆچوونی یاسازانان هەن مەیلی ئەوەیان هەیە، جیاوازی بکرێت لە نێوان پاسەوانی پێکهاتن (حراسة التكوين) و پاسەوانی بەکارهێنان (حراسة الاستعمال). وەک ئەوەی دادگاکان و یاسازانانی فەرەنسی. ئاماژەیان پێدایە، تاکو بەکاربەری زیانبرکەوتوو لە کاتی بوونی خەوش لە بەرهەمەکاندا بگەڕێتەوە سەر بەرهەمهێنەر، بە جۆرێک بەرهەمهێنەر بە پاسەوانی پێکهاتەی بەرهەمەکان دابندرێت، کە کۆنترۆڵی ڕاستەقینەی بەرهەمەکانی بۆ دەگوازرێتەوە و پابەندە بە گەرەنتی سەلامەتی و پێشکەشکردنی بەرهەمەکە بەبێ هیچ خەوشێک کە سەلامەتی خەلک، یان مولکومالیان بخاتە مەترسییەوە (اللهيباوي و داداشي،٢٠٢٤، ٢٩١). ئەم بۆچوونەش لەلایەن دەستەڵاتی دادوەری فەرەنسی- پەیڕەو کراوە سەرەتا لەسەرزیانەکانی ئەم بەرهەمانەی کە جیادەکرێنەوە بە تایبەتمەندی کاریگەر، دواتر لەسەر کەلوپەلە مەترسیدارەکان، ئەمەش وایکردووە یاسادانەری فەرەنسی- هەڵبستێت بە هەموارکردنەوەی یاسای شارستانی و دەستی برد بۆ بڕگەی کۆتایی مادەی ( ١٢٤٥- ١٠) تاکو لەگەڵ بۆچوونی یاسازانانی پاڵپشت بۆ بیرۆکەی دابەشکردنی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پاسەوانی هاوتەریب بێت، بە جۆرێک بەرهەمهێنەری بەشەکانی بەرهەمەکانی بەخشیوە لە بەرپرسیارێتی ئەگەر خەوشەکە دەگەڕاوە بۆ دزاینی بەرهەمەکە، کە ئەم بەشەی کۆکردۆتەوە یان خەوشەکە دەگەڕاوە بۆ ئەم ڕێنمایانەی دەکەونەسەر شانی بەرهەمهێن لە پابەندبوون بە ئاشکراکردن و پێدانی زانیاری، ( سارة بومعزة، أماني سعدي، ٢٠٢٢، ٣٥). بەڵام ڕەخنە لە بیرۆکەی دابەشکردنی پاسەوانی دەگیرێت، لە بەرئەوەی ئەم بیرۆکەیە گریمانە دەکات کەلوپەلی بەرهەمهاتوو هێشتا لەژێر پاسەوانی بەرهەمهێنەردایە، ئەم گریمانەیەش فێڵێکی ئاشکرایە لە ڕێسا یاساییە ڕوونەکان، کە ناتواندرێت دادوەرەکان بەفێڵ پاساو بدەنە بڕیارەکانیان، هەروەها ئەم بیرۆکەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان جۆرێکە لە بەرپرسیارێتی گریمانەکراوە لەلایەن بەرهەمهێنەری شتە مەترسیدارەکانەوە هەڵدەگیرێت، نەک لێکدانەوەیەکی لۆژیکی بۆ بیرۆکەی پاسەوانی، کە بەرپرسیارێتی زۆر قورس دەخاتە سەرشانی بەرهەمهێنەر و فرۆشیاری پیشەیی، کە پێدەچێت ناهاوسەنگییەکی زۆر توند لە نێوان بەرژەوەندی بەکاربەران و بەرژەوەندی بەرهەمهێنەران دروست بکات لە بەرژەوەندی بەکاربەر، بەجۆرێک دەگاتە ئاستی نادادپەروەری بەرامبەر بەرژەوەندی بەرهەمهێنەران، چونکە ئەم بەرپرسیارێتییە ناچێتە ژێر سەلماندنی هەڵە، تەنانەت سەلماندنی خەوش لە بەرهەمەکاندا. کاتێک لە ئەنجامی دەستوەردانی ئەرێنی شتەکەدا ڕوویداوە، وەک حاڵەتی تەقینەوە بەهۆی خەوشی بەرهەم یان یان ئاگرکەوتنەوە، بەگوێرەی ئەم بیرۆکەیە تەنها بەسە زیانبەرکەوتوو بیسەلمێنێت، کە ڕووداوەکە بەهۆی بەرهەمەکە بووە، بەرپرسیارێتی بەرهەمهێنەر سەرهەڵدەدات بەو پێیەی پاسەوانی بەرهەمەکەیە. بۆ نموونە ئەگەر بەرهەمهێنەر بەرهەمەکانی سپارد بە (ناقل) هەڵگرەکە بۆ گواستنەوەی، ڕووداوێک ڕوودەدات کە زیان بە کەسانی تر بگەیەنێت لە کاتی پرۆسەی گواستنەوە، هۆکارەکەی نەزاندرا بەشێوەیەکی ڕوون، ئەوا زیانبەرکەوتوو دەگەڕێتەوە سەربەرهەمهێنەر، بەرپرسیاری دەکات، چونکە بەرهەمهێنەر هێشتا بە پاسەوان دادەندرێت لە کاتی پرۆسەی گواستنەوەدا، هەرچەندە لۆژیکی یاسایی و دادپەروەری داوا دەکات هەڵگرەکە بەرپرسیار بێت و بە پاسەوانی ئەو شتە مەترسیدارە دابندرێت، کە دەیگوازێتەوە. هەروەها چەمکی دابەشکردنی پاسەوانی ئاڵۆزو ناڕوونە، ئەستەمە ستانداردێک دابندرێت، کە بە ئاسانی دوو جۆرە پاسەوانییەکە جیابکرێتەوە، هەروەها سەلماندنی ناسینەوەی پارێزەری پێکهاتەکەش ئەستەمە کاتێک زیاتر لە کەسێک بەشداری لە دروستکردنی پێکهاتەی ناو بەرهەمەکە دەکەن (عبد الحميد، ٢٠١٠، ٤٦٤-٤٦٦). هەموو ئەم کەموکوڕیانەی ئاماژەیان پێدرا بۆ دیاریکردنی بەرپرسیارێتی بەرهەمهێن وایان کردووە توێژەر لە ڕوانگەی خۆیەوە بە پێویستی بزانێت یاسادانەری عێراقی وەک یاسا بەراوردکارییەکان هەڵبستێت بە دانانی سیستەمێکی تایبەت بە بەرپرسیارێتی بەرهەمهێن، بە جۆرێک پێویست بە سەلماندنی هەڵەی بەرهەمهێنەر نەکات، بەڵکو لەسەر بنەمای بوونی خەوش لەبەرهەمەکان بەرپرسیار بێت، وەک سیستەمی یاسای ئەمریکی، وەک ئاماژەی پێدرا سیستەمی بەرپرسیارێتی بەرهەمهێنی بەهێزی یاسا پەسەندکرد، کە بە sstrict liability ناسراوە، بەجۆرێک ئەم سیستەمە گرینگترین ڕێساکان، کە نوێنەرایەتی ڕێسای ڕێژەیی کاریگەری گرێبەست و ڕێسای کەمتەرخەمی تێکشکاند سەرەڕای

**سەبارەت بە کێشەی دیاریکردنی بەرپرسیارێتی دەزگای پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری:** بە گوێرەی مادەی (٨/٣) یاسای دەزگای ناوەندی بۆ پێوانەکردن و کۆنترۆڵی جۆری ژمارە (٥٤)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەمواركراو، بەرپرسیارییەتی تەواوی لە ئەستۆدایە بۆ گشت ئەوکاڵایانەی کە پەسەندی کردوون بڕوانامەی پێداون، بەڵام یاسای دەزگاکە هیچ دەقێکی لە خۆنەگرتووە بۆ

چۆنییەتی بەرپرسیارێتی دەزگاکە، بۆیە دادوەر دەگەڕێتەوە سەر ڕێسا گشتییەکانی یاسای شارستانی عێراقی بەگوێرەی ڕێساکانی بەرپرسیارێتی گرێبەستی وکەمتەرخەمی (الجحيشي، ٢٠٢١، ٩٨- ٩٩)، شایەنی باسە هیچ پەیوەندییەکی گرێبەستی لە نێوان دەزگاکەو بەکاربەردا نییە، بەمەش بەرپرسیاریەتیەکە کەمتەرخەمیە(شريف، ٢٠١٧: ١١٤)، یاسادانەری عێراق بە ڕاشکاوی بەرپرسیارێتی حکومەت لە مادەی (٢١٩)ی یاسای شارستانی ڕێکخستووە (حکومەت وشارەوانییەکان ودامەزراوەکانی دیکە، کە خزمەتگوزارییەکی گشتی ئەنجام دەدەن، هەروەها هەر کەسێک دەستەڵاتی لە دامەزراوەیەکی پیشەسازی یان بازرگانی بقۆزێتەوە، بەرپرسیارە لەو زیانانەی دەکەونەوە لە کارەکانی کارمەندەکانیان، ئەگەر زیانەکان لە ئەنجامی سەرپێچییەکەوە بوو، کە لەلایەن ئەوانەوە ڕوویاندا لە کاتی ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەکان) لە بڕگەی (٢)دا هاتووە کارمەند دەتوانێت خۆی لە بەرپرسیارێتی ڕزگار بکات، ئەگەر بسەلمێنێت، کە چاودێری پێویستی کردووە بۆ ڕێگریکردن لە ڕوودانی زیانەکان یان زیانەکە هەر ڕوویدەدا تەنانەت ئەم چاودێریە پێویستییەشی گرتبابەر) بەمەش دەزگا توانای ئەوەی هەیە بەرپرسیارێتی لەخۆی دوور بخاتەوە ئەگەر بتوانێت نەبوونی هەڵە لەلایەن خۆییەوە بسەلمێنێت، یان بوونی هۆکارێکی دەرەکی، وابەستەی هۆکاری بپچڕێنێت لە نێوان هەڵەی گریمانەکراو و زیانەکان (أحمد، ٢٠١٧: ١٦٠)، بەڵام ئەمە پرسەش تێبینی لەسەرە چونکە هەڵەی گریمانەکراوی دەزگا بریتییە لە هەڵە لە هەڵبژاردنی شوێنکەوت (فەرمانبەری دەزگا)، لایەنێکیتر پێیانوایە هەڵەی گریمانەکراو بریتیە لە هەڵەی دەزگا لە پڕۆتۆکۆلی بەڕێوەبردن، هەڵەی گریمانەکراویش لەیاسا بریتییە لە (نەگرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ چاودێریکردن) وە یاسا ڕێگەی داوە بە دەزگاکە بە سەلماندنی جێبەجێکردنی چاودێری پێویست و بەرپرسیارێتییەکەی خۆی ڕەتبکاتەوە (سلمان، ٢٠١٧: ١٢١) . هەروەها ئەگەر سەرنجی مادەی (٢١٩) بدرێت چاوپۆشی لە پایەیەکی هەرە گرنگی بەرپرسیارێتی کردووە، ئەویش باسکردنی وابەستەی هۆکارییە، تەنها ئاماژەی بە دەستەواژەی " لەکاتێکدا خزمەتەکانیان ئەنجام دەدەن" (السعيدي، ٢٠٢٢، ١٢٥). هەروەها ڕەخنەیەکی تر هەیە لە دەقی بڕگەی دووەمی مادەی (٢١٩)، بەوەی پێچەوانەی بڕگەی یەکەمی دەقەکەیە، هۆکاری دژیەک بوونەکە ئەوەیە، لە بڕگەی یەکەمدا بە مەرجی گرتووە کە پێشێلکارییەکە لەلایەن کەسی شوێنکەوت لەکاتی هەڵسان بەکارەکان ئەنجام بدرێت، بەڵام لە بڕگەی دووەم ڕێگە بەشوێنکەوتوو دەدات بتوانێت خۆی ڕزگار بکات، ئەگەر بتوانێت بسەلمێنێت چاودێری پێویستی گرتۆتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە ڕوودانی زیانەکان، لە درێژەپێدانیدا دەڵێت: دەرچوونی پێشێلکاری لەلایەن شوێنکەوت لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا بەڵگەی یەکلاکەرەوە لەسەر کەمتەرخەمی شوێنکەوت، کە چاودێری پێویستی نەکردووە وەک پێویست (شريف، ٢٠١٧: ٢٢٣). وە دەقی ماددەی (٦)ی یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراق کە یاسایێکی گشتیە و بەسەر یاسای دەزگاش دەکەوێت و تایبەتیدەکات، (دابینکەر بەتەواوی بەرپرسیار دەکات لە مافەکانی بەکارهێنەرانی بەرهەم و کاڵاکان)، بەمەش دەزگا لەبەرپرسیاریەتی دەچێتەدەرەوە.

**تەوەری دووەم: کەمتەرخەمی ئەرکی حوکمەکانی قەرەبووکردنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان،** یاسادانەری عێراقی چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەی بەکاربەری لە یاسای پاراستنی بەکاربەر باس نەکردووە، بەڵکو جێی هێشتووە بۆ ڕێسا گشتییەکانی قەرەبووکردنەوە لە یاسای شارستانی، کە ئەمەش چەندین کەموکوڕی دروستدەکات کە لەم تەوەرەیە لەدوباسدا دەیدەینەبەرباس.


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

باسی یەکەم: کێشەی دیاریکردنی بنەمای یاسایی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان:

بەرپرسیارێتی شارستانی بە گشتی، قەرەبووی ئەم زیانانە دەکاتەوە کە ڕەنگە کەسێک بە کەسێکیتر بیگەیەنێت، جا ئەم زیانە لە ئەنجامی گرێبەستێکەوە بێت، یان کردەوەیەکی نایاسایی (کردەوەی زیانبەخش)، ئەم بەرپرسیارێتی و قەرەبووکردنەوەیە پێویستە بنەمایەکی هەبێت، تاکو بتواندرێت لە ڕێگەیەوە قەرەبووی زیانبەرکەوتوو بکرێتەوە، بنەمای بەرپرسیارێتی شارستانی بەشێوەیەکی گشتی، واتە ئەو هۆکارەی کە یاسا باری قەرەبووکردنەوەی زیانەکان لەسەر کەسێکی دیاریکراو دادەنێت و ئەو هۆکارانەی کە داوای پابەندبوون دەکەن لە یاسا دروستکراوەکان (الشرائع الوضعية) بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە بەسەر کەسانی دیکە دێت (عثمان، ٢٠٢٠، ٢٢١). بیرۆکەی بنەمای قەرەبووکردنەوە بەشێوەیەکی گشتی لەهەر زیانێک لەناویشیان قەرەبووکردنەوەی بەکاربەر لە زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان، هێشتا جێگای مشتومڕە لە نێوان یاسازانان و توێژەراندا، گرنگترین پرسیار کە لەم ڕووە بێتە ئاراوە ئەوەیە، ئایا زیانبەرکەوتوو لەسەرچ بنەمایەک قەرەبووبکرێتەوە، ئایا لەسەر بنەمای ئەم مەترسی و زیانەیە، کە بەهۆی بەرهەمەکەوە دروست بووە، ئەگەر هەڵەشی نەکردبێت، یان لەسەر بنەمای ئەم هەڵەیە کە ئەنجامدراوە؟لەسەر ئەمە دوو ئاراستە هەن:

یەکەم: ئاراستەی کەسی بۆ هەڵسەنگاندنی قەرەبووکردنەوەی زیانەکان؛ دیدگای لایەنگرانی ڕەوتی کەسی ئەوەیە کە سەختی هەڵەکە لەپاڵ ئەو زیانە بکاتە بنەماو پێوەر بۆ دیاریکردنی قەرەبووکردنەوەی زیانەکان، بە جۆرێک پلەی سەختی هەڵەکە کاریگەری دەکاتە سەر زیادکردن یان کەمکردنەوەی بڕی قەرەبووکردنەوە (منصور،٢٠٢٢، ١٢٧). کەواتە لایەنگرانی ڕەوتی کەسی گرنگی بە هەڵسوکەوتی کەسی بەرپرس لە زیانەکە دەدەن، بەگوێرەی ڕادەی لادانەکەی لە ڕەفتاری پیاوێکی ئاسایی بەرامبەر بە کۆمەڵگە، بەگوێرەی ئەم تیۆرە بەرپرسیارێتی و قەرەبووکردنەوە بوونی نییە ئەگەر هەڵەیەک نەبێت، بۆیە قەرەبووکردنەوە بە گوێرەی ئەم هەڵەیە دیاریدەکرێت، جا هەڵەکە بە مەبەست بێت، یان بەهۆی کەمتەرخەمی بێت، شیاوی سەلماندن بێت، یان هەڵەی گریمانەکراو بێت (أحمد،٢٠١٧، ١٤٥). ئەم بیرۆکەیەش شتێکە لەلایەنی ڕەوشتییەوە پاڵپشتی لێدەکرێت، بۆیە ئەو قەرەبووەی کە لە ئەنجامی لێپرسینەوەو بەرپرسیارێتی شارستانییەوە دێتە ئاراوە، تەنها سزایەکە بۆ ئەو لادانەی لە ڕەفتارەکانیدا بۆتە هۆی زیانەکە. الأحمد، ٢٠٠٨، ٢٦)

هەروەها لایەنگرانی ئەم بۆچوونە پێیان وایە، هەڵەی بەرهەمهێنەر لەوانەیە لەهەموو قۆناغەکانی دروستکردن و دابەشکردنی ئەو بەرهەمانە دەربکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر هەڵە لە بەرهەمی دەرمانەکان دەستنیشان بکەین، کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە هەڵەی تەکنیکیدا دەردەکەوێت کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی کەمی ئەو مادانەی کە دەرمانەکان پێیان دیزاین کراون، هەروەها هەڵەیەک لە پرۆسەی دروستکردنی دەرمانەکەدا بەشێوەیەک دەردەکەوێت، وادەکات کەموکوڕی بەڕادەیەکی زۆر مەترسیداربێت بۆ ئەو کەسانەی بەکاریدەهێنن، ئەگەر بەرهەمهێنەر کەمتەرخەم بوو لەگرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستی خۆپارێزی، بۆ ئەوەی هیچ کەموکورییەک لە دروستکردنیدا دەرنەکەوێت، بە هەڵبژاردنی ئەو کەرستە خراپانەی کە بەشدارن لە بەرهەمهێناندا، یان گۆڕینی، بۆیە پێویستە بەرهەمهێنەر بەرلەوەی بەرهەمەکانی بخاتە ئاڵوگۆڕکردن بەشێوەیەکی گونجاو تاقیبکاتەوە لەلایەن دەزگایەکی سەر بە کۆمپانیای بەرهەمهێنەر، یان دەزگایەکی دەرەکی، کە تایبەتمەندە بە پرۆسەی پشکنینی تەکنیکی،

کۆنترۆڵکردن و چاودێری کردنیان، جگە لەوەش ئەو پابەندبوونانەی کە بەسەر بەرهەمهێنەر دەسەپێندرێن، وەک پابەندبوون بە ئاشکراکردن، لە گرینگترینیان سروشتی مەترسیەکەی و چۆنیەتی بەکارهێنانی، هەروەها قۆناغی دابەشکردن و بە بازاڕکردن کە لەلایەن هەر بەشداربوویەکەوە ئەنجام دەدرێت، جگە لەبەرهەمهێنەری سەرەتای لەوانەیە هەڵە لەخۆ بگرێت، لەسەر بنەمای ئەوەی دووەمیان بەرپرسیارە، ئەگەر زیانەکە پەیوەندی بە هەڵەیەکەوە هەبێ لە پاکەتکردن، یان کەمتەرخەمی لە هەڵگرتن و پاراستنی بەرهەمەکەوە، بەهەمان شێوە ڕەنگە پێشبینی هەڵەکردن بکرێت، کاتێک بەرهەمەکە دەگاتە دەست فرۆشیار (دەرمانساز)، کە دەرمان دەگەیێنێتە کڕیاران کاتێک ڕەچاوی ڕێساکانی گەیاندن ناکات، کە پێویستە هەموو ڕێوشوێنێک بگرێتەبەر بۆ ئەوەی هیچ زیانێک بەوکەسە نەگات، کە دەرمانەکە وەردەگرێت (محفوض، ٢٠١٩، ١٧٤-١٧٥).

دووەم: ئاراستەی بابەتیانە بۆ هەڵسەنگاندنی قەرەبووکردنەوەی زیانەکان.

لایەنگرانی ئەم ڕەوتە پێیانوایە؛ بنەمای دیاریکردنی قەرەبووکردنەوەی زیانەکان ئەوەیە تا دەتواندرێت بارودۆخی زیانبەرکەوتوو بگەڕێندرێتەوە بۆ دۆخی پێش ئەوەی زیانەکە ڕوویدات، بۆیە دادوەری بابەتی یان پسپۆڕی دەستنیشانکراو بە زیانەکەو ڕادەکەی وەک پێوەرێک بۆ دیاریکردنی قەرەبووکردنەوە وەدەگرێت، بەبێ ئەوەی ڕادە یان قورسایی هەڵەکە هیچ کاریگەری لەسەرقەرەبووکردنەوە هەبێت. بۆیە قەرەبووکردنەوەکە بۆ هەموو ئەوانەی بەرپرسیارن وەک یەکە جیاوازی نییە بەپێی توندی هەڵەکە، ئەم جۆرە قەرەبووکردنەوەیەش پێی دەگوترێت: "قەرەبووکردنەوەی تەواو" بنەمای ئەم قەرەبووکردنەوەیە داوا دەکات قەرەبووکردنەوە گشتگیر بێت، هەموو توخمەکانی ئەم زیانانە بگرێتەوە کە بەسەر زیانبەرکەوتوو هاتووە، ئەم زیانانە ناگرێتەوە کە شایەنی قەرەبووکردنەوە نەبێت، واتە زیانبەرکەوتوو زیاتر لەوەی شایەنی خۆیەتی پێی نادرێت، بەم شێوەیە پەیڕەوکردنی ئەم پێوەرە بابەتییەی بنەمای قەرەبووی تەواو وەک سزایەک بۆ لایەنی بەرپرس نابینێت، بەڵکو وەک قەرەبووکردنەوەی ئەم زیانانەی بەسەری هاتوو دەبینێت (منصور،٢٠٢٢، ١٢٣). لایەنگرانی تیۆری زیان کە هەندێکجار پێیان دەگوترێت: تیۆری مەترسی نوێ، پێیان وایە کارکردن بە ڕێسا کۆنەکان و ڕێسای "بەڵگە لەسەر ئەوکەسەیە کە داوای دەکات" (البينة على من أدعى) بەس نییە بۆ دیاریکردنی مافی قەرەبووکرنەوەی زیانبەرکەوتووان، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو سەرهەڵدانی ئامێرو ئامرازی نوێ وئاڵۆز، کە هەرچەندە سوودیان زۆرە، بەڵام لە هەمانکاتدا لە زیانیش بەدوور نین، بەجۆرێک ڕووداوی وا لەگەڵیان سەرهەڵدەدەن، کە ناتواندرێت سەرچاوەی هەڵەکە دەستنیشانبکرێت، لە هەمانکاتدا پێویستە قەرەبووبکرێنەوە (أحمد، ٢٠١٧، ١٢٤). لەبەرئەوە مەرج نییە لادان هەبێت لە هەڵسوکەوتی کەسی ئاسایی لەلایەن بەرهەمهێنەر، یاخود هەر دەستوەردانکەرێک بۆ پابەندبوون بە قەرەبووکردنەوەی بەکاربەری زیانبەرکەوتوو، بەڵکو تەنها بوونی زیان بەسە بۆ سەرهەڵدانی بەرپرسیارێتی، هەربۆیە بنەمای ئەو قەرەبووکردنەوەیە بریتییە لە زیان، توندکردنی بەرپرسیارێتی بەرهەمهێنەرو دیاریکردنی قەرەبووکردنەوە لەسەر بنەمای زیان دەبێتە هۆی ئەوەی گرنگی زیاتر بە بەرهەمەکان بدرێت و ڕێگەی پێویست بگرنەبەر، بۆ ڕێگریکردن لە ڕوودانی مەترسییەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان، (الصالح و حمر العين،٢٠٢٠، ٢١٣).

هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن پشت بەستن بە زیان پەرە بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەدات بە قەرەبووکردنەوەی کەسی زیانبەرکەوتوو، هەروەها سەلامەتی خەڵک بە بەشێک لە سیستەمی گشتی دادەندرێت، ئەو سیستەمە ڕەتی دەکاتەوە کەسی زیانبەرکەوتوو بەبێ قەرەبووکردنەوە


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 6
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بمێنێتەوە، ئەمەش تەنها بەپشت بەستن بە تیۆری زیان بەدی دێت، بەبێ ئەوەی پێویست بە هەڵە و ڕێژەی گەورەیەکی هەبێت لەلایەن ئەوکەسەی بۆتە هۆکاری زیان (أحمد، ٢٠١٧، ١٣٥)، لەسەر ئەمە پرۆفیسۆر سەنهوری پشتڕاستی دەکاتەوە، کە بنەماو ئەسڵ ئەوەیە ڕەچاوی قورسایی هەڵەی کەسی بەرپرس نەکرێت، قەرەبووکردنەوە دەبێت هاوتا بێت لەگەڵ بڕی زیانەکە بەبێ زیادکردن یان کەمکردن، چونکە قەرەبووکردنەوەی مەدەنی شتێکە تەنها زیانەکە لەبەرچاو دەگرێت، بەڵام سزاکە شتێکی بابەتییە کە تێیدا قورسایی هەڵەکە لەبەرچاو دەگیرێت. (طعیس، ٢٠٠٨، ٩٤).
بە گەڕانەوە بۆ دەقەکانی یاسای شارستانی عێراقی هیچ شتێک نەدۆزراوەتەوە، کە بە ڕوونی ئاماژە بە ڕەچاوکردنی گەورەی هەڵەی بەرپرس بدات لەکاتی خەملاندنی قەرەبووکردنەوەدا، هەروەها ئەگەر سەرنجی دەستەڵاتی دادوەری عێراقی بدرێت لە بڕیاری ژمارە (٢٦٨) دادگای پێداچوونەوەی ١٩٧٩ هەڵەی بەرپرسیارەکەی لەکاتی هەڵسەنگاندنی قەرەبووکردنەوە دا لەبەرچاو نەگرتووە، لە بڕیارەکەدا هاتووە: ((ئەو قەرەبووەی کە بڕیاری لێدەدرێت بۆ زیانبەرکەوتوو گونجاو نییە بۆ ئەوەی بە سزا بۆ لایەنی بەرامبەر یان سەرچاوەی قازانج بۆ لایەنی زیانبەرکەوتوو هەژمار بکرێ، بەڵکو بۆ چاککردنەوەی زیانەکانە))، بەڵام هەندێکیان پێان وایە ناکرێت پەسەندکردنی ئەم ڕەوتە لەلایەن دەستەڵاتی دادوەری هەمیشە بە ڕەها وەربگیرێت، بەڵکو هەندێکجار سروشتی ڕووداوەکەو دەستەڵاتی بابەتی دادوەر ڕۆڵ دەبینێت لە پەسەندکردنی گەورەی هەڵەی کەسی بەرپرس، بەبێ ئەوەی دادوەر نیازی ئەوە بێت توندی قەرەبووەکە وەک سزایەک زیاتر لە قەڵەم بدات، کە دادپەروەرییەکی نائاگایانەیە بەرامبەر لایەنی زیانبەرکەوتوو (الطعیس، ٢٠٠٨، ٩٤).
ئەگەر سەرنج بدرێتە سەر هەڵوێستی یاسای شارستانی عێراقی ناڕوونی هەیە، دیارنییە ئایا بە بنەمای هەڵەی وەرگرتووە یان بە بنەمای زیان؟ بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی دەق مادەی (٢١٠)ی شارستانی بدرێت، کە تێیدا هاتووە (دادگا دەتوانێت بڕی قەرەبووەکە کەم بکاتەوە یان بڕیار نەدات بە قەرەبووکردنەوە، ئەگەر لایەنی زیانبەرکەوتوو لە ڕێگەی خۆیەوە بەشداریکردبێت لە گەیاندنی زیانەکە یان زیادکردنی یان پێگەی قەرزاری خەراپترکردبێت) لایەنگرانی ئاراستەی هەڵە پێیان وایە ئەم دەقە بە ڕوونی ڕۆڵی هەڵە لە پێوەرەکانی قەرەبووکردنەوەدا دەخاتە ڕوو، جا هەڵەکە لەلایەن قەرزدار ئەنجام درابێت یان لە لایەن زیانبەرکەوتوو. هەروەها باس لە دەقی مادەی (٢١٧)ی تایبەت بە بەرپرسیارێتی هەماهەنگی دەکەن، کاتێک باس لەگەڕانەوەی ئەوکەسە دەکات کە بڕی قەرەبووەکەی داوە بۆسەر ئەوانی تر "بەپێی ئەوپشکەی دادگا دیاری دەکات بەپێ بارودۆخ وبەگوێرەی قورسای ئەوسەرپێچییەی کەهەریەکەیان ئەنجامی داوە" پێان وایە ئەم دەقە بەسە بۆ تیشک خستنە سەرلایەنی کەسی بۆ بنەمای بەرپرسیارێتی و قەرەبووکردنەوە، بەتایبەت بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی، ئەگەر زیان ئەوەندە گرنگ بووایە ئەوا یاسادانەر لە دابەشکردنی بڕی قەرەبوو بەسەر ئەوکەسانە، دابەشی دەکرد لە کارە نایاساییەکە بە پشت بەستن بەوڕادەیەی کە هەریەکەیان بەژداریان لەگەیاندنی زیانەکەدا کردووە، بەڵکو قورسایی سەرپێچییەکەی وەک پێوەرێک بۆ قەرەبووکردنەوە لەبەرچاوگرتووە ( محمد سلیمان أحمد، ٢٠٠٨، ٦١). هەروەها لە بابەتی قەرەبووی تەواوکەرلە سوودی یاسایی( الفوائد القانونیة) لە مادەی (١٧٣)ی شارستانی هاتووە( قەرزدەر دەتوانێت داوای قەرەبووی تەواوکەر بکات جگە لە سوودی یاسایی یان سوودی ڕێکەوتن ئەگەربسەلمێندرێت کەزیانەکان زیاتر بووینە لە سوودەکە بەهۆی ساختەکاری قەرزدار یان

هەڵەی گەورەی) ئەم دەقەش بە ڕوونی ئاماژەی بە ڕۆڵی هەڵە کردووە لە دیاریکردنی قەرەبووکردنەوە ( علي مطشر.عبد الصاحب، ٢٠١٤) بەڵام لە لایەکی ترئەگەر سەرنج بدرێت لە چەند مادەیەک ئاماژە بەڕۆڵی زیان دەکات لە دیاریکردنی بنەمای قەرەبووکردنەوە وەک مادەی (٢٠٧) ئاماژە بەوەکراوە قەرەبووکردنەوە بەپێ ڕادەی زیانەکان بخەملێندرێت، هەروەها لە مادەی (١٩١)ی یاسای ناوبراو ناڕوونە بەجۆرێک لە برگەی ( ١) کە تایبەتە بە ڕێکخستنی برگەکانی بەرپرسیارێتی منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی و ئەوانەی لەهەمان پێگەی ئەودان کاتێک بەرپرسیاریان دەکات بە قەرەبووکردنەوە لەکاتی زیانگەیاندن بە ماڵی کەسێک، چونکە ئەوانە توانای جیاکردنەوەیان نییە، ئەوا ناکرێت بگوترێت لادان هەیە لە ڕەفتارەکانی کەسی ئاسایی، بۆیە لایەنگرانی بابەتی بۆ قەرەبووکردنەوە باس لەوەدەکەن، کە بەرپرسیارێتی ئەمانە لەسەر بنەمای زیانە، بەبێ بوونی هەڵە، بەڵام لایەنگرانی تیۆری هەڵە باس لەوەدەکەن، کە ئەم بنەمایە خۆی لە خۆیدا هەڵاوێردە کراوە (الاستثناء) لە ڕێسا گشتییەکان، ڕێسای گشتی ئەوەیە ناکرێت فراوانکردنی تێدا بکرێت (محمد عبد طعیس ،٢٠٠٨، ١٩٢)، هەروەها لە برگەی سێیەمی هەمان مادده ڕێگای داوە بە دادگا بڕیاری قەرەبووی دادپەروەرانە بدات، بەوەی بە گونجاوی دەزانێت بە لە بەرچاوگرتنی پێگەی لایەنەکان، واتە ئەم بەرپرسیارێتییە کەم دەکرێتەوە، هەروەها لە مادەی ( ٢٠٧)ی یاسای شارستانی ئاماژەی بەوەکردوە قەرەبووکردنەوە بەپێ ڕادەی زیانەکان بخەملێندرێت، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات، کە بارودۆخی دەوروبەرو گەورەی هەڵەی بەرپرسیار لەبەرچاوبگیرێت، (منصور، ٢٠٢٢، ١٢٨). سەبارەت بە یاسای ئەمریکی بەگوێرەی مادەی (402 A ) ڕێنمایەکانی بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی ئەمریکی ( Restatement of Law of Tort)ی ساڵی ١٩٩٧ کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بە سەرهەڵدانی بەرپرسیارێتی و ناچارکردنی بەرهەمهێنەر یان فرۆشیار بە قەرەبووکردنەوە کردووە، کە گونجاوبێت لەگەڵ گەورەی زیان، کاتێک لە برگەی دووەمی مادەی سەرەوە هاتووە ("....٢- ئەم ڕێسایانەی کە لە برگەی یەکەمی ئەم مادەیەدا هاتوون کاری پێدەکرێت تەنانەت ئەگەر ١- فرۆشیار هەموو وریاییەکی لە ئامادەکردن وفرۆشتنی بەرهەمەکەدا بەکارهێنابێت...).

لە کۆتایدا توێژەر لەگەڵ ئەوەدایە کە هەریەک لە هەڵەو زیان گرنگی خۆیان هەیە، بەڵام سەبارەت بە بەرهەمە مەترسییەکان پێویستە ڕادەی گەورەی زیان لەبەرچاو بگیرێن، بۆیە پێشنیاز دەکەین، کە یاسادانەری عێراقی بە دەقێکی ڕوون ئاماژە بە بنەمای قەرەبووکردنەوە بدات بەجۆرێک دادوەر لەکاتی هەڵسەنگاندنی قەرەبووکردنەوە توندی زیان و کاریگەرییەکەی لەسەر زیانبەرکەوتوو لەبەرچاوبگرێت، بەتایبەتی قەرەبووی زیانەکانی بەروبوومە مەترسیدارەکان کە زۆربەی جار سەرچاوەی سەرەکی هەڵەکە دیار نییە بەهۆی ئالۆزی و دەستاودەستکردنی ئەم بەرهەمانە، تاکو دەگاتە بەردەستی بەکاربەر.

**باسی دووەم: کێشەی دیاریکردنی جۆری قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان:** هەرچەندە قەرەبووکردنەوەی بەکاربەر لە زیانەکانی بەرهەمە زیانبەخشەکان لە یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقیدا ئاماژەی پێدراوە، لە برگەی (٢)ی مادەی شەشەمە کاتێک تێیدا هاتووە ((بەکاربەرو هەموو لایەنێکی بەرژەوەندی خواز مافی خۆیەتی لە ئەگەری دەستنەکەوتنی ئەوزانیاریانەی کە لەمادەکەدا هاتوون، داوای قەرەبوو لەبەردەم دادگا مەدەنییەکان بکات بۆ ئەو زیانانەی بەریکەوتوون))، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، لەم مادەیەدا تەنها باسی لە مافی داواکردنی قەرەبووکردنەوە کردووە، بەڵام لەڕووی ڕوونکردنەوەی پانتایی و چوارچێوە و جۆرو میکانیزمەکانی هەڵسەنگاندنی باس نەکراوە، بەڵکو ئەم وردەکاریانەی

ئاراستەی ڕێسا گشتییەکانی یاسای شارستانی کردووە (محمود، ٢٠١٦: ٢٢٩)، بەڵام گەڕانەوە بۆ ئەم ڕێسایانەی قەرەبووکردنەوە چەندین کەموکوڕیّ تێدایە لەڕووی نەختی و قەرەبووی مەعنەوی، کە هەریەک لەم کێشانە باس دەکرێن:

یەکەم : کێشەی قەرەبووکردنەوەی نەختی ( نقدی) زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان، کە بریتیە لە بڕە پارەیەک کە لەلایەن دادوەر دەخەملێندرێت، دەدرێت بە کەسی زیانبەرکەوتوو بە مەرجێک قەرەبووی زیانەکانی بکاتەوە (سمایل، ٢٠١٧: ٤٩٥) سەبارەت بە یاسای شارستانی عێراقی لە مادەی (٢٠٩) تێیدا هاتووە" دادگا بەپێی بارودۆخەکە شێوازی قەرەبووکردنەوە دیاری دەکات، قەرەبووکردنەوە دەکرێت بە قیست یان داهاتێکی ڕێکخراو بێت....٢- قەرەبووکردنەوە بە پارە دەخەملێندرێت....".. ئەگەر سەرنج بدرێتە ئەم مادەیە، تێبینی دەکرێت یاسادانەر جیاوازی نەکردییە لە نێوان زیانیەکان و سنورێکی کاتی دیاریکراوی دانە ناوە بۆ پێدانی ئەو بڕە پارەیەی، کە بڕیاڕی لەسەر دەدرێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی جار زیانبەرکەوتوو پێی باشترە بڕە پارەی قەرەبووەکە بە یەکجاری وەربگرێت، بە تایبەتی قەرەبووی زیانەکانی مادی کە پەیوەندی بە ئەستۆی داراییەوە هەیە، چونکە ئەمە ئازادی پێدەبەخشێت لە هەڵسوکەوتکردن بەو بڕە پارەیە، وەک کڕینی شوێنێکی بازرگانی دوای چاکبوونەوەی، بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی نویّ کە تێیدا ئەو پیشەیە هەڵدەبژێرێت لەگەڵ ئەو توانا گەورانەدا بگونجێت، کە لە ئەنجامی ڕووداوەکەدا بەجێی هێشتووە. بەڵام دەبوایە جیاوازی کردبا لە نێوان زیانەکان بەجۆرێک ئەگەر ئەو زیانەی زیانبەرکەوتوو ڕووبەڕووی بۆتەوە ببێتە هۆی زیانی مادی جەستەیی وەک کەمئەندامی بەشەکی هەمیشەیی بەجۆرێک ڕێگری بکات لە کارکردنی، ئەوا باشتر بوو قەرەبووکردنەوەی کەسی کەم ئەندام بە داهاتێکی ڕێکخراو بە درێژایی تەمەنی بڕیاری لێبدرێت، بەوپێیەی کاریگەرییەکانی دەرئەنجامی ئەم کەم ئەندامییە دەستبەجێ دەرناکەون، بەڵکو لەوانەیە تاکۆتای ژیانی کەسە بریندارەکە بەردەوام بن، یان ئەگەر ئەم کەم ئەندامییە بۆ ماوەیەکی کاتی بێت، ئەوا باشتر بوو قەرەبووکردنەوە بەشێوەی قیست دیاری بکرێت، تاکو بە تەواوی چاکدەبێتەوە، یان ئەگەر زیانەکە پەیوەندی بە منداڵێکی ژێر تەمەنی یاساییەوە هەبێت و داوای قەرەبووی ئەو زیانە مادیە بکات، کە لە ئەنجامی لە دەستدانی بەخێوکەرەکەی بەسەریدا هاتووە ئەوا باشترین ڕێگا بۆ قەرەبووکردنەوە ئەوەیە بە قیست دیاری بکرێت تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن (الدیوك٢٠١٦، ٦٥، ٦٧) هەروەها بەشێک لە یاسازانان سەبارەت بە زیانی جەستەیی پێیان باشە قەرەبووکردنەوە بە پارە و بەیەکجارەکی بدرێت لەحاڵەتی مردن(التميمي،٢٠٢٢، ١٠٦).

هەروەها تێبینییەکی تر لەسەر مادەی ناوبراو ئەوەیە، وشەی قەرەبووکردنەوە بەشێوەیەکی گشتی هاتووە، جیاوازی نەکردییە لە نێوان قەرەبووکردنەوەی ماددی و قەرەبووکردنەوەی مەعنەوی، وەک زاندراوە قەرەبووکردنەوەی نەختی بۆ زیانەکانی دەروونی نابێتە هۆی نەهێشتنی ئەو ئازارە دەروونیانە بەسەر زیانبەرکەوتوودا دێت لە ئەنجامی هەڵەیەک، بەڵکو تەنها ئامرازێکە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەو زیانە مەعنەویانەی بەسەر دەروونی زیانبەرکەوتوودا دێت، خەملاندنی قەرەبووکردنەوە لەم حاڵەتەدا قورسە، چونکە هیچ پێوەرێک بۆ ئەم زیانانە دیارینەکراون، جگە لە جیاوازی ئەو بارودۆخانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر خەملاندنی قەرەبوکردنەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر(سمایل،٢٠١٧، ٤٩٦-٤٩٧)، بەڵکو ئازادییەکی تەواو دراوەتە دادگای بابەتی بۆ دیاریکردنی ئەو میکانیزمانەی دەگیرێتەبەربۆ

قەرەبووکردنەوەی زیانبەرکەوتوو، چ بە بڕە پارەیەک بەیەکجاری بێت، یان بەشێوەی قیست بێت، کە ژمارەو بەهای

سێیەم: کێشەی دیاریکردنی قەرەبووی مەعنەوی: زیانەکانی مەعنەوی بەگشتی ئەو زیانانەی کە بەسەر مرۆڤدا دێت لە هەست و سۆزەکانی و کەرامەتی و هەرمانایەکی تر کە خەڵک ئاگادارییەتی (الجنيدي، ٢٠١٠: ١٥٦)، بە گوێرەی مادەی (٢٠٥) ی یاسای شارەستانی عێراقی زیانبەرکەوتوو چۆن دەتوانێت بۆ زیانەکانی ماددی داوای قەرەبووکردنەوە بکات بەهەمان شێوە مافی قەرەبووکردنەوەی زیانی مەعنەوی هەیە، بەڵام لە بواری بەرپرسیارێتی گرێبەستی لە یاسای شارستانی عێراقی هیچ دەقێکی ڕوون نییە ئاماژە بە جێگیربوونی مافی قەرەبووکردنەوە بۆ زیانەکانی مەعنەوی بدات، بەڵکو تەنها لە بابەتی بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی ئاماژەی پێدراوە (محمود، ٢٠١٦: ٢٣٧). ئەمەش بەکەموکوڕی دادەندرێت، هەروەها هیچ پێوەرێکی ڕوون و ورد لە یاساکەدا نییە بۆ هەژمارکردنی بڕی قەرەبووکردنەوە، بەڵکو دەستەڵاتی ڕەها دراوەتە دادوەر، ئەمەش کارێکی سەختە بۆ دادوەر، چونکە خەملاندنی قەرەبووکردنەوەی مەعنەوی قورسترە لە دیاریکردن و خەملاندنی قەرەبووی زیانەکانی ماددی، ئامانج لەو قەرەبووکردنەوەیە، وەک دەزاندرێت، هەمیشە گەڕاندنەوەی ئەو کەسە نییە، کە زیانی بەرکەوتووە بۆ دۆخی پێشووی، بەڵکو هەوڵێکە بۆ پێدانی قەرەبووی ئەو کەسەی کە توشی بووە لە بەرامبەر ئەوەی بەسەریدا هاتووە، بە ئامانجی ڕازیکردنی بەشێوەیەک کە لە ویژدان و هەستەکانی ناوەخۆیدا هاوتا بێت، لەگەڵ ئەو زیانەی کە تووشی بووە (الثويلي،٢٠٢٥، ٢٤٧).

قەرەبوکردنەوەی مەعنەوی ئەستەمە بە داهاتی مادی بخەمڵێنرێت و بڕەکەی دیاریبکرێت، بۆیە یاسازانانی یاسایی لەم بوارەدا گەیشتوونەتە ئەم دەرئەنجامەی، کە تەنها توخمی بارودۆخی ئاڵۆزی دەوروبەر لەبەرچاوبگیرێت، کە پەیوەندی بە بارودۆخی لایەنی زیانبەرکەوتوو هەیە، بە تەنها نەک بارودۆخی کەسی بەرپرس (کاظم، ٢٠٢٣: ١٣٧-١٣٨ )بۆیە توێژەر لە ڕوانگەی خۆیەوە بە پێویستی دەزانێت یاسادانەر وەک کارئاسانی بۆ دادوەر دەقێکی یاسایی لە یاسای پاراستنی بەکاربەری عێراقیدا جێگیر بکات بەم شێوەیە: (هەر بەکاربەرێک یان بەکارهێنەرێک بەهۆی بەرهەمێکی زیانبەخش زیانێکی مەعنەوی پێبگات مافی ئەوەی هەیە داوای قەرەبووی دارایی ئەم زیانە بکات، پێویستە دادوەر لە کاتی هەڵسەنگاندنی قەرەبووکردنەوەدا کاریگەری دەروونی و بازنەی ڕووداوەکە لەبەر چاوبگرێت).

**دەرئەنجام**

- بەرهەمە مەترسیدارەکان بریتن لەو بەرهەمانەی کە دەتوانن مەترسی بۆ بەکارهێنەر دروست بکەن، بەهۆی تایبەتمەندی سروشتییان یان هەڵە لە دروستکردن یان بەکارهێنان، یان نەبوونی زانیاری و ڕێنمایی.

- سیستەمی بەرپرسیارێتی شارستانی کە لەئەنجامی زیانەکانی بەرهەمەکانەوە سەرهەڵدەدات، ڕێخستنی یاسای بۆ نەکراوە بۆیە بەگشتی پەنا دەبرێتە بەر ڕێسا گشتیەکانی بەرپرسیارێتی شارستانی، جا بەرپرسیارێتی گرێبەستی بێت یان بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی، ئەم بەرپرسیارێتییە لە کردەوەی کەسی بێت یان بەرپرسیارێتی شارستانی بۆ ئەم شتانەی کە پێویستیان بە چاودێری تایبەت هەیە بەگوێرەی مادە(٢٣١) لە یاسای شارستانی عیراق بەبێ وردەکاری وردی کە گوزارشت لە تایبەتمەندی زیانەکانی بەرهەمە مەترسیدارەکان.

- بەرهەمە ساختەکان بەهۆی گۆڕینی مادەکان یان شێوازی دیزیان، ئەکرێت مەترسی دروستبکەن ئەگەر بەکاربەر بەهەمان شێوەی بەرهەمی ڕەسەن بەکاریبردن بێ ئەوەی زانیاری لە بارەیەوە هەبێت.

- ڕێگری کردن لە بەرهەمی خەوشدار و مەترسیدار ڕووبەڕووبونەوەی ئەبێتە فاکتەر بۆ زیادکردنی داهات و پاراستنی سەرچاوە سروشتی کوالیتی بەرهەمەکان.

- دەزگای پشکنین و کۆنترۆلی جۆری گرنگە بۆ پاراستنی کوالیتی و تایبەتمەندی بەرهەمەکان.

- بۆچوونی جیاواز سەری هەڵداوە لە دیاریکردنی سروشتی بەرپرسیارێتی زیانەکانی ئاڵوگۆڕی بەرهەمەمەترسیدارەکان بەهۆی کارکردن بە سیستەمی دووانەی بەرپرسیارێتی بۆبەرپرسیارێتی گرێبەستی و کەمتەرخەمی لە لایەن یاسادانەری عێراقی، ئەمەش بۆتە هۆکارێک بەپێویست بزاندرێت یاسا دانەری عێراق وەک یاسادانەری فەرەنسی. و ئەمریکی هەنگاو بنێت بۆ وەرگرتنی سیستەمێکی نوێ بۆ بەرپرسیارێتی زیانەکانی بەروبوومە مەترسیدارەکان و خەوشدارەکان.

- زۆرێک لە یاسازانان هاوڕان لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی دەزگای ناوەندی بۆپێوانەکردن و کۆنترۆلی جۆری کە بریتییە لە هەڵەی گریمانەکراو کە شیاوی سەلماندنی پێچەوانەکەیەتی، بەڵام چەند ڕەخنە ئاراستەی ئەم بۆچوونە دەکرێن لە گرنگترینیان ئەوپرسیارەیە کە لەلایان سەرهەڵدەدات کە ئایە هەڵەی گریمانەکراو لە هەڵبژاردنی شوێنکەوتەیە یان هەڵەیە لە گرتنەبەری ڕێوشوێن و چاودێری پێویست لەکارەکانی شوێنکەوتەکان

- بەگوێرەی ڕێساکانی بەرپرسیارێتی گرێبەستی ئەو زیانانەی چاوەڕواننەکراون، کە بەهۆی بەرهەمێکی مەترسیدار تووشی بەکاردەبن قەرەبوو ناکرێنەوە، تەنیا لە ئەگەری هەڵەیەکی گەورە یان ساختەکاری دەتواندرێت قەرەبووبکرێنەوە بەگوێرەی مادەی (١٦٩/ ٣) ئەمەش قەرەبووکردنەوە لە زۆر حاڵەتەکانی زیانە چاوەڕواننەکراوەکان سنوردار دەکات و بەکاربەری زیانبەرکەوتوو بێبەش دەکات لەگەیشتنی بەمافی قەرەبووکردنەوە.هەروەها ناتواندرێت پش بە بەرپرسیارێتی بەرهەمهێن لەسەر بنەمای پاسەوانی دیاریبکرێت بەهۆی جیاوازی جۆری بەرپرسیارێتییەکەیان.

**پێشنیاز**

- لە یاسا عێراقیەکان پێناسەیەکی ڕوون و یاسایی بۆ "بەرهەمە مەترسیدارەکان" نییە کە دەبێت یاسایەکی ڕوون بنووسرێت کە ڕووی مەترسی سروشتی یان ناتەندروست لە بەرهەمەکان بگرێت، بۆ پاراستنی بەکارهێنەر و دیاری کردنی بەرپرسیاری یاسایی.

- پێشنیاز دەکەین یاسادانەری عێراق سیستەمی نوێی بەرپرسیارێتی بەرهەمهێنەر یاخود دەستوەردانکەر جێبەجێ بکات بۆ ئەم زیانانەی بەهۆی بەکارهێنانی بەرهەمە مەتسیدارەکان بەکاربەر ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بەجۆرێک بەرپرسیارێتی سەرهەڵبدات بەهۆی بوونی خەوش لە بەرهەمەکان، جا خەوش لە دزاینکردن بێت یان دروستکردن یان بەبازاڕکردن.

ليستى سەرچاوەكان
**پەرتوک**

- الدكتور مەزن جلال أحمد، مشكلات التكيف في المسؤولية المدنية(دراسة مقارنة ) المؤسة الحديثة للكتاب، الطبعى الأولى، ٢٠١٧.
- الدكتور محمد سليمان أحمد،الخطاء والحقيقة المسؤولية المدنية في القانون العراقي( دراسة تحليلية)، مكتب التفسير للنشر والاعلان، أربيل، الطبعى الأولى، ٢٠٠٨.
- هلديرأسعد أحمد" نضرية الغش في العقود" دارالكتب العلمية – بيروت ، الطبعة الأولى ، ٢٠١١.

- بوشراب امان "حماية المستهلك من الشروط التعسفية في عقود الاستهلاك" دارالجامعة الجديدة ،الازاريطة – الاسكندرية، ٢٠١٨.
- -أسامة شهاب حمد يوسف الجعفري " التنظيم القانوني لالتزام المنتج بتتبع منتجاته -دراسة مقارنة ، الطبعة الاولى ، المركزالعربي للنشر والتوزيع،القاهرة، ٢٠٢٢.
- الدكتورغسان رباح، قانون حماية المستهلك الجديد ، المبادىء، الوسائل والملاحقة مع دراسة مقارنة ، مكتبة زين الحقوقية والادبية ، الطبعة الأولى، بيروت، ٢٠٠٦،
- سالم محمد الرديعان العزاوي، مسؤولية المنتج في القوانين المدنية والاتفاقيات الدولية، دار الثقافة للنشر، عمان -الاردن ، ٢٠٠٨.
- كريم بن سخرية، المسؤولية المدنية للمنتج وآليات تعويض المتضرر- دراسة تحليلية وتطبيقية في ضوء أحكام القانون المدني وقانون حماية المستهلك وقمع الغش لعام ٢٠٠٩، دار الجامعة الجديدة، الأزاريطة الاسكندرية، ٢٠١٣.
- الدكتورتحسين حمد سمايل، المسؤولي المدنية للصحفي عن تجاوز حقه في التغطيةالصحفية،دار الكتب والوثائق القومية، المكتب الجامعي الحديث،٢٠١٧.
- عبد الحميد الشواربي، المسؤولية المدنية في ضوء الفقه والقضاء، دارالكتب والدراسات العربية، ٢٠١٧.
- بنار كريم وسمان، الرقابة على حماية المستهلك -دراسة مقارنة، دار الجامعة الجديدة، الأزاريطة الاسكندرية، ٢٠٢٠.
- الأستاذ الدكتورالأنس محمد عبد الغفار" الالتزام بالأمان – دراسة تأصيلية تطبيقية في الذكاء الاصطناعي
- محمد عبد طعيس، تعويض الضرر المعنوية في المسؤلية التقصيرية، الطبعة الاولى، بغداد، ٢٠٠٨.
- عبد الحميد الديسطي عبد الحميد" حماية المستهلك في ضوء القواعد القانونية لمسؤولية المنتج، دارالفكرلقانون، القاهرة ، ٢٠٠٩.
- الأستاذ الدكتور أنس محمد عبد الغفار ، ضمان المنتج لمخاطر الدواء في التشريع والقضاء- دراسة المقارنة، دار الكتب القانونية دارشتات للنشر، مصر_ الامارات، ٢٠٢٤.
- عبدالعزيزبن محمد العبيد " المسؤولية الجنائية في الاعلانات التجاري التجاري" مكتبة القانون والاقتصاد، الطبعة الأولى ، ٢٠١٦.

- معلوم كريمة وبولال مسعودة " دورالتقيس القانوني للمنتجات في حماية المستهلك " رسالة ماجستير، جامعة العقيد احمد درايعية أدرار،الجزائر، -٢٠٢٣.
- ابوأنس محمد بن موسى النصر-" جريمة الغش أحكامها وصورها واثارها المدمرة " مكتبة الفرقان - -الامارات ، ٢٠٠٨.
- هناء صباح ماجد مهدي الجحيشي، المسؤولية المدنية للدولة عن جودة السلع المستوردة (دراسة مقارنة) الطبعى الأولى، القاهرة، المركز العربي للنشر والتوزيع،٢٠٢١.
- حسام توكل موسى، حماية المستهلك من الغش والخداع التجاري( مرحلة الاعلان- مرحلة التعاقد)، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، ٢٠١٩.
-

**ماستەرنامەكان**

- ياسرمحمد ابراهيم " أثر الغش في الاعلان التجاري في الفقه الاسلامي" مجلة الدراسات الاسلامية ، العدد عاشر، ٢٠١٨.
- كابن أمينة وأعمر ويسام" حماية المستهلك من ألاضرار المنتجات الخطيرة بطبيعتها" ريسالة ماجستير، جامعة مولود معمري-تيزي وزو، كلية الحقوق والعلوم السياسة، الجزائر، ٢٠١٨.
- رافد كريم محمد التميمي، المسؤولية المدنية الناتجة عن عيب السلع في ظل نظام تنازع القوانين واختيار القانون الحاكم، المركز العربي للنشر والتوزيع،الطبعى الأولى، مصر،٢٠٢٢.
- سلمان سفرشريف " مسؤولية الجهاز المركزي للتقييس والسيطرة النوعية لحماية المستهلك في القانون العراقي" ريسالة الماجستير، جامعة سوران ، فاكلتي القانون والعلاقات الدولية ،قسم القانون، ٢٠١٧.
- حدادي صبرينة و بالمهدي شريفة، العيب كأساس لمسؤولية المنتج عن المنتجات المعيبة، رسالة ماجستير، جامعة مولود معمري- تيزي وزو- كلية الحقوق والعلوم السياسة، الجزائر، ٢٠٢٢.
- زوقاري صبرينة ونجاح أعمر" حماية المستهلك من المنتجات المستوردة " رسالة ماجستير، جامعة أكلي محند أولحاج- البويرة ، كلية الحقوق والعلوم السياسة ٢٠١٧.
- ناصرحمد الصقر" حماية الجنائية للمستهلك من الغش التجاري في النظام السعودي" ريسالة الماجستير، أكاديمية نايف العربي للعلوم الامنية ، كلية دراسات العليا، ٢٠٠١.
- شهلة محمد عزيز، ضمان سلامة المستهلك من أضرار المنتجات المعيبة، ألاطروحة الدكتوراه، جامعة المنصورة، كلية الحقوق، قسم القانون المدني، ٢٠١٦.


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٦

- حساني علي" الاطار القانوني للالتزام بالضمان في المنتوجات، أطروحة دكتوراه، جامعة أبي بكربلقايد تلمسان، كلية حقوق والعلوم السياسة، الجزائر،٢٠١٢ .
- أمان جمال عبد الرحمان منصور،دور الخبير في تقدير التعويض عن الضرر المعنوي(دراسة مقارنة)، رسالة الماجستير، جامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلستين، ٢٠٢٢.
- بلحاج عبد الناصرو جليل سفيان" المسؤلية المدنية للمنتج" ريسالة ماجستير، جامعة صالحي أحمدالنعامة، الجزائر ٢٠٢٤.
- ضبع عبير وضبع يامنة نورهدى" المسؤولية المدنية عن المنتجات الخطيرة في عقد المستهلك" رسالة ماجستير ، جامعة زيان عاشور-الجلفة، كلية الحقوق والعلوم السياسة،الجزائر، ٢٠٢١.
- عامر محمد الجنيدي، المسؤولية المدنية عن أضرار المنتجات الصناعية المعيبة، "دراسة مقارنة" رسالة ماجستير، جامعة بيرزيت، كلية الحقوق والادارة العامة، ٢٠١٠.
- ڨونان كهينة، الالتزام بالسلامة من الأضرار المنتجات الخطيرة، الاطروحة دكتوراه، جامعة مولود المعمري- تيزي وزو،كلية الحقوق والعلوم السياسة، ٢٠١٧.
- سارة بومعزة وأماني سعدي المسؤولية المدنية للمنتج. . رسالة ماجستير، جامعة ٨ماي ١٩٤٥ قالمة. كلية الحقوق والعلوم السياسية، ٢٠٢٢.
- طرافي أمال التزام المنتج بمطابقة المنتجات في ظل القانون رقم ٠٩-٠٣، رسالة ماجستر، جامعة محند أولحاج البويرة، ٢٠١٣.
- منير مهدي، الكفاءة الانتاجية ودورها في اختيار الاستراتيجية التنافسية للمؤسسة صناعة الكوابل بسكرة، رسالةة ماجستير، جامعة محمد خيضر- بسكرة، ٢٠١٢.
- رافد فاضل مراد ،أثرالقدرات التكنلوجية في تحسين جودة المنتجات ( دراسة استطلاعية في معمل الالبسة الجاهزة في النجف الاشرف) رسالة ماجستير، جامعة كربلاء.٢٠١٧.
- زقرور سعاد و حمدي محمد اسلام ، دور البحث والتطوير في تحسين جودة الانتاج- دراسة حالة مؤسسة سبأ للزجاج بالمنطقة الصناعية شغلوم العيد، ميلة، المركز الجامعي عبد الحفيظ بوالصوف ميلة، معهد العلوم الاقتصادية والتجارية والعلوم التسيير.٢٠٢٢.
- نضال عطا بدوي الديوك ، التعويض عن الأضرار المادية المستقبلية الناجمة عن الاصابات الجسدية، رسالة الماجستير، جامعة الشرق الاوسط، ٢٠١٦.
- شهلة محمد عزيز، ضمان سلامة المستهلك من أضرار المنتجات المعيبة، ألاطروحة الدكتوراه، جامعة المنصورة، ٢٠١٦.

توێژینەوە بڵاوکراوەکان

- د. ناصر خليل جلال ود. سميرة عبدالله مصطفى " قراءة نقدية لنطاق الحماية المدنية في قانون حماية المستهلك العراقي" مجلة جامعة الشارقة للعلوم الشرعية والقانونية ، المجلد (12) العدد(1) الامارات ، ٢٠١٤
- أحمد هادي حافض، الحماية المدنية للمستهلك ازاء المستورد، بحث المنشور في مجلة الكوفة للعلوم القانونية والسياسية، كلية القانون جامعة الكوفة، العدد(٦١) ٢٠٢٠.
- عبد الله حامد وروژان عمر خالد، تنازع القوانين في المسؤولية المدنية الناجمة عن المنتجات المعيبة، بحث المنشور في المجلة الشريعة والقانون، مجلة جامعة الامارات للبحوث، العدد(٨٩)، ٢٠٢٢.
- - منى أبوبكرحسان" الالتزام باعلام المستهلك عن المنتجات" دار الجامعة الجديدة ، الازاريطة – الاسكندرية، ٢٠٢٢.
- زينب جاسم محمد (٢٠٢٠) اثبات العيب في المنتوجات الخطرة، مجلة العلوم القانونية والسياسية، جامعة العراقية، كلية القانون والعلوم السياسية، المجلد ٩، العدد ١،
- محمود عادل محمود، الاتزام بالتحذيرفي مجال تداول المنتجات الخطرة -دراسة مقارنة" منشورات الحلبي الحقوقية، الطبعة الاولى، بيروت – لبنان ٢٠١٦،
- مشعان أحمد هادي السعيدي، المسؤولية الناشئة عن عمل الغير من منضور المشرع المدني العراقي، مجلة بلاد الرافدين للعلوم الانسانية والاجتماعية ، ،كلية بلاد الرافدين الجامعة، قسم القانون،الملجد (٤) العدد(١)، ٢٠٢٢.
- علي مطشر عبد الصاحب" اثرجسامة الخطأ في المسؤلية المدنية" بحث المنشور في مجلة العلوم القانونية جامعة بغداد ، المجلد (٢٩) العدد (٢) ٢٠١٤.
- د. بوغرارة الصالح ود. حمر العين عبد القادر،الحماية المدنية للمضرور من المنتجات المعيبة" بين ضعف القواعد التقيدية وعدم وضوح القواعد الخاصة" بحث المنشور في المجلة الدولية للبحوث القانونية والسياسية، الملجد(٤) العدد(٢) ٢٠٢٠.
- محفوظ حمدون الصواف" نطام السيطرة النوعية الاحصائية وانظام الانتاج في الوقت المحدد وانعكاسها على تحسين الجودة وخفض التكاليف مع الاشارة التجربة اليابانية والامريكية ، مجلة الاكاديمية لجامعة نوروز، الملجد (٩) العدد(٣) ك ٢٠٢٠.
- آمنة فؤاد عبد الامير، مسؤولية الموزع عن ضمان المنتجات المعيبة- دراسة مقارنة، مجلة جامعة تكريت للحقوق- السنة ٦، الملجد(٦) العدد(٤) هگ].خ ١-٢٠١، ٢٠٢٢.

سلام عبد الودود عبيد اللامي، دور الاجهزة المختصة بحماية المستهلك في القوانين العراقية، مجلة الجامعة العراقية، جامعة العراقية، العدد (٦٣) المجلد (٣).

- أميد صباح عثمان، أسس قيام المسؤولية المدنية الجماعية عن المنتجات، مجلة قەڵای زانست العلمية ، مجلة علمية الدورية تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية- اربيل، كوردستان ، العراق،الجلد(٥) العدد(٢) ٢٠٢٠.
- عبد العزيز عبدوس، سياسة الانفتاح التجاري ودورها في تحسين الانتاجية في المؤسسات التجارية كمؤشر تنافسية مع التركيز على مؤشر انتاجية العامل، مجلة المؤسسات الجزائرية،جامعة الجزائر، كلية العلوم الاقتصادية والتجارية والعلوم التسيير، العدد٣، ٢٠١٣.
- محمد راشد مانع العجيمي" جرائم الغش في المواد الغذائية في قوانين قمع الغش بدولة الكويت وموقف قانون الجزاء منها، مجلة الدراسات القانونية، العدد(٦١) الجزء الثاني، ص ٦٨٤، ٢٠٢٣.
- فاطمة خلف كاظم، المسؤلية المدنية للمعسف التطوعي، مجلة الباحث للعلوم القانونية،الجامعة الفلوجة،كلية الحقوق، المجلد- الرابع، العدد : الاول، الجزء (2)السنة ٢٠٢٣.
- منصور حاتم محسن وأسامة شهاب حمد" نطاق التزام المنتج بتتبع منتجاته " مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد الرابعة، السنة الثانية عشر، ٢٠٢٠.
- زينب صلاح وهاب "التطوير الاداري وتأثيره في تحسين الكفاءة الانتاجية دراسة استطلاعية لاراء عينة من العاملين في الشركة العامة لصناعة السيارات والمكائن في الاسكندرية ، مجلة كلية المأمون، العدد السادس والثلاثون، العراق ، ٢٠٢١.
- ماجد عبد الجليل سيد الثويلي، التعويض عن الضرر المعنوي مقارنة بين القوانين الوضعية والفقه الاسلامي، مجلة حمورابي للدراسات، العدد٥٣ السنة الرابعة عشر ٢٠٢٥.
- ربحي أحمد عارف اليعقوب، المسؤولية المدنية الناشئة عن الاخلال بالاتزام بالتبصير بالصفة الخطرة في المبيع، مجلة بحوث القانونية والاقتصادية،جامعة جرشو الاردن،العدد ٥٧، ٢٠١٥.

- سەرچاوە بيانييەكان.

- Priyanka Verma, (2020) Q*uality control*, Research Reviews: Journal of Medical Science and Technology (online) Volume 9, Issue1

**سەرچاوە ئەليكترۆنيەكان**

**بومدين محمود و ملوك محفوظ(٢٠١٥) *المسؤولية عن الأضرار الناتجة عن المنتجات المعيبة*،(ئۆنلاين) ڕێكەوتی دواسەردان ٢١/ ٣/ ٢٠٢٥ لە**

https// dspace. Univ- adrar-
.edu.dz/jspui/bitstream/123456789/4206/1/.
محمود عادل محمود (٢٠١٠) *المسؤولية المدنية الناشئة عن الاخلال بالتزام بالاعلام في ظل قانون حماية المستهلك العراقي رقم (١)لسنة (٢٠١٠) النافذ نظرة بين الواقع المأمول.* *(ئۆنلاین)* ڕێکەوتی دواسەردان ٢٠٢٥/٧/٢٥ له
***https//law.uodiyala.edu.iq%d8%a7%d9...***
**سارة ثامر هادي" سيطرة النوعية " محاضرات مرحلة الرابعة ، جامعة الانبار، كلية الزراعة /علوم الاغذية.**
**وەرگیراوە لە https:// www.unbar. Edu.iq/ Agriculture college/catalogе%D8%B3..**
**بەرواری سەردانی کردن ٢٠٢٥/٢/١.**

**یاساو بڕیارو ڕێنمایەکان**

قانون المدني العراقي رقم (٤٠) لسنة ١٩٥١.
قانون حماية المستهلك العراقي رقم( ١) لسنة ٢٠١٠.
قانون الجهاز المركزي للتقييس والسيطرة النوعية رقم(٥٤) لسنة ١٩٧٩.
قانون حماية المنتجات العراقية رقم (١١) لسنة ٢٠١٠ المعدل.
قانون المدني الفرنسي الجديد رقم (١٣١) لسنة ٢٠١٦.
قانون الاستهلاك الفرنسي رقم( ٩٢/٩٤٩) لسنة ١٩٩٣المعدل.
تعليمات علامة الجودة رقم( ٢) لسنة ٢٠١١.
ڕێنمایەکانی بەرپرسیارێتی کەمتەرخەمی ئەمریکی (Restatement of law of Tort)ی ساڵی ١٩٩٧.

List of sources

**Book**

- Problems of Takif in Civil Responsibility ,Jalal Ahmad Dr. Mazen ,Comparative Study), Haditha Book Foundation, First Edition)
- Dr. Mohammed Sulaiman Ahmad, Error and Truth of Civil Responsibility in Iraqi Law (Analytical Study), Tafseer Office for .2008 ,Awli-Taba'i Al-Publishing and Advertising, Erbil, Al
- -Kitab al-Haldir Asaad Ahmad, Theory of Fraud in Contracts, Dar al , Beirut, First Edition ,Ilamiyah
- Bushrab Aman "Consumer Protection from Default Conditions in –Azaritah -Al ,Jadeeda University-Consumption Contracts" Dar al ,Alexandria
- Jaafari " Legal Regulation of Product -Osama Shahab Hamad Yousef Al - ، First Edition ، Comparative Study -roducts Obligation by Following P ,Cairo ، Arab Center for Publishing and Distribution .2022

- Dr. Ghassan Rabah, New Consumer Protection Law, Principles, Issues and Annexes with Comparative Study, Zein Law and Literature Office, ,2006 ,First Edition, Beirut
- Azawi, Production Responsibility in -Radi'an Al-Saleem Mohammed Al Thaqafa Publishing -l Agreements, Dar AlCivil Law and Internationa , Jordan-House, Oman
- -of Conduct Objects Civil Liability for Products and ,Karim bin Sakhriya An Analytical and Applied Study in Compliance with the Provisions of , 2009 c Fraud Actthe Civil Code and the Consumer Protection and Publi , Jadeeda, Alexandria University-Jami'a al-Dar al
- Civil Society for Editorial Violation of Rights , Dr. Hussein Hamad Smail in Editorial Guidelines, National Library and Documentation Office, ,Hadith University
- ivil Responsibility in the Perspective of Shuwarbi, C-Abdul Hamid al , Arabiya-Drasat al-Kitb al-Jurisprudence and Jurisprudence, Dar al
- -Banar Karim Wasman, Competition on Consumer Protection , Jadeedah, Alexandria University-Comparative Study, Dar Al
- dul Ghaffar" Commitment to Security Professor Dr. Ans Mohammed Ab An Applied Study in Artificial Zakah –
- Mohammed Abd Ta'is, Compensation for Moral Damage in Deficiency ,Responsibility, First Edition, Baghdad
- Disti Abdul Hamid, Consumer Protection in Violation -Abdul Hamid Al Qanun, -Fikr al-al Rules for Product Responsibility, Dar alof the Leg , Cairo
- Professor Dr. Anas Mohammed Abdul Ghaffar, Productivity Guarantee A Comparative Study, -for Medicines in Legislation and Judiciary , UAE-Darshtat Publishing House, Egypt
- Obaid "Criminal Liability in Commercial -med alAbdulaziz ibn Moham , Qanun wa Economics Office, First Edition-Advertisements" Maktab al

- Ma'loom Karima and Bulal Massoud, "Legal Assessment of Products in Consumer Protection" Master's Thesis, Colonel Ahmed Draia University 2- ,drar, Algeriaof A
- Nasr, "The Crime of Cheating, its -Abu Anas Muhammad ibn Musa al Furqan Printing -Rules, Its Pictures and Its Contemporary Examples," Al .2008 ,House
- Jahishi, State Civil Responsibility for the -Hana Sabah Majid Mahdi Al apons (Comparative Study) First Edition, Cairo, Quality of Stored We .2021 ,Arab Center for Publishing and Distribution
- Hossam Tukal Musa, Protection of Consumers from Commercial Fraud Jadeedah, -Contract Stage), Dar Al-and Breach (Announcement Stage , Alexandria
-

**Degrees Master's**

- Yasser Mohammed Ibrahim "The Effects of Deception in Commercial ١٠Advertising in Islamic Jurisprudence" Islamic Studies Magazine, Issue ,
- Kabin Amina and Omar Wissam, "Consumer Protection from Dangers of s Thesis, Mawloud Ma'amri 'Hazardous Products by Their Nature" Master Energy Thesis, Faculty of Law and Political Sciences, Algeria-University ,
- Civil Liability Resulting from ,Tamimi-Rafid Karim Mohammed Al Weapons Defects in the System of Legal Comparison and Choice of -for Publishing and Distribution, Private Al Governing Law, Arab Center ,Awli, Egypt
- Salman Safar Sharif "The Responsibility of the Central Assessment and Quality Assessment for Consumer Protection in Iraqi Law" Master's ، الدولية، قسم القانون Thesis, Soran University, Faculty of Law and Relations
- ct Basis for Product Haddadi Sabrina and Balmahdi Sharifa, Defe Responsibility for Defective Products, Master's Thesis, Mawloud Faculty of Law and Political -Energy Thesis -Moamari University , Sciences, Algeria

- Zuqari Sabrina and Najah Omar "Consumer Protection from Stored Buyrah University, -Al-Hajj-esis, Akli Mohand AlProducts" Master's Th Sciences Faculty of Law and Political
- Saqr, "Criminal Protection of Consumers from -Nasser Ahmad Al -Commercial Fraud in the Saudi System," Master's Thesis, Naif Al , of Advanced Studies Arabiya Academy of Security Sciences, Faculty
- Consumer Safety Guarantee from Damage of ,Shahla Mohammed Aziz Defective Products, Doctoral Thesis, Mansoura University, Faculty of ,Law, Department of Civil Law
- Hassani Ali, "Legal Framework for Guarantee Compliance in Products," Qaeda University of Talmasan, Faculty of -ctoral Thesis, Abi Bakr alDo , Algeria ,Law and Political Sciences
- Aman Jamal Abdul Rahman Mansour, The Role of Experts in Assessing Compensation for Moral Damage (Comparative Study), Master's Thesis, , University in Nablus, Palestine National Success
- Belhaj Abdel Nasser and Jalil Sufyan, "Civil Responsibility for Algeria ,Na'ama University-Production" Master's thesis, Saleh Ahmed Al
- Civil Liability for Hazardous Consequences in Consumer Contracts, Julfa, Faculty of Laws and -Al-ur Life UniversityMaster's Thesis, Ash , Sciences Politics, Algeria
- Janaidi, Civil Responsibility for the Harms of -Amer Mohammed Al Defective Industrial Products, "A Comparative Study" Master's Thesis, ,c AdministrationBirzeit University, Faculty of Law and Publi
- Keina, Safety Commitment from the Harms of Hazardous Vonan Energy -Maamri University-Products, Doctoral Thesis, Mawloud Al , Thesis, Faculty of Law and Political Sciences
- aster's Civil Production Liability. . . . . M Sarah Bumaza and Amani Saadi ,Pen. Faculty of Law and Political Sciences ١٩٤٥May ٨thesis, University
- Transactions of Product Coordination According to Products in Law No. ,Buyrah University-Hajj Al-Master's Thesis, Mohnd Al ,٠٣-٠٩

- Production Efficiency and its Role in Choosing a , Munir Mahdi Competitive Strategy for Baskara Cable Industry, Master's Thesis, , Baskara -Mohammad Khaider University
- Technological Effects in Improving Product Quality , Rafid Fazel Murad Garment Factory in Najaf), Master's Ashraf-Exploratory Study in Al) .٢٠١٧ .Thesis, Karbala University
- Role of Research and , Zaqrour Saad and Hamdi Mohammad Islam Case Study of Saba Glass -Development in Improving Product Quality rsity Center Institute in Eid Occupation Industrial Zone, Mila, Unive Abdul Hafeez Boal Suf Mila, Institute of Economic and Commercial .2022 . Sciences and Information Sciences
- Prevention of Future Material Harms of , Dyuk-Nizal Atta Badwi al , Physical Causes, Master's Thesis, Middle East University
- Consumer Safety Guarantee from Defective , Shahla Mohammed Aziz , Products, Doctoral Thesis, Mansoura University

Published studies

- Samira Abdullah Mustafa "A Critical Reading .Nasser Khalil Jalal Wd .د Protection Law" of the Civil Protection Clause in the Iraqi Consumer Journal of Sharjah University of Legitimate and Legal Sciences, Volume ,Issue(1) UAE (12)
- Mustoard, -Ahmad Hadi Hafez, Civil Protection for Consumer Aza Al Discussion of the publication in the Kufa Journal of Legal and Political .2020 (61 ) .culty of Law, Kufa University, NoSciences, Fa
- Conflict of Laws in Najma's ,An Omar Khalid Z Abdullah Hamid Waro Civil Liability for Defective Products, Discussion Published in Sharia and ,89 .Law Journal, UAE Research Journal, No
- Abubakr Hassan, "Commitment to Consumer Proclamation of - , Azaritah, Alexandria-Jadeedah, Al-Products," Dar Al
- Evidence of Defects in Hazardous (Zeynb Jassim Mohammed (2020 Products, Journal of Legal and Political Sciences, Iraqi University, ,١Number ,٩w and Political Sciences, Volume Faculty of La


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٦

- Mahmoud Adel Mahmoud, Commitment to Preventing the Exchange of Halbi Legal Publications, -A Comparative Study, Al -Hazardous Products ,2016 Lebanon –First Edition, Beirut
- bility for Work Other than Saeedi, Responsi-Mash'an Ahmad Hadi Al Approved by the Iraqi Civil Law, Rafdin Country Magazine for Rafdin University, -Humanities and Social Sciences, Country Faculty Al , ١Number ,٤Law Department, Volume
- ity" Ali Mutashar Abdul Sahib "Error Recovery in Civil Responsibil discussion of the publication in the journal of legal sciences of Baghdad (2 ) number (29 ) University, volume
- Ain Abdul Qadir, Civil -Saleh and others. Hamr al-Bughrara al .د Protection for Victims of Defective Outcomes "Between Weakness of Disclosure of Special Rules" Discussion of the -ion Rules and NonRestrict publication in the international journal
- Sawaf" is a statistical quality picture and -Mahfouz Hamdoun Al and its reflections on improving production system in a limited time quality and reducing burden with experience Japanese and American, K (3 ) Issue (9 ) Academic Journal of Nowruz University, Volume
- Responsibility for Guaranteeing Defective , to Fouad Abdul Amir Thanks -ve Study, Journal of Tikrit University of Law Comparati -Products ,201-HG]. 1 (4 ) .No (6 ) Volume , Sunnah 6

Lami, The Role of the Special Consumer -Salam Abdul Wadood Obaid al Protection Instrument in Iraqi Law, Journal of the Iraqi University, Iraqi .(3 ) Volume (63) .University, No

- Omid Sabah Osman, Foundation of Social Civil Responsibility for Durya Scientific Journal -Scientific Magazine, Al Qalay Zanst ,Products Erbil, Kurdistan, Iraq, -Published by the French Lebanese University (2 ) Issue (5 ) Volume
- s, Commercial Innovation Policy and its Role in Abdul Aziz Abdou Improving Productivity in Competitive Commercial Enterprises with a Focus on Factor Productivity Efficiency, Institutions Magazine Algeria, University of Algeria, Faculty of Economic and Commercial Sciences ,nd Impact Sciences, No. 3a

- Fraud -Crimes of Fraud in Foodstuffs in the Anti "محمد راشد مانع العجيمي (٦١)Laws of Kuwait and its Penal Code, Journal of Legal Studies, No. ,684 .Part II, pp
- Fatima Khalaf Kazem, Civil Responsibility for Voluntary Farmers, Bahith Volume ,Fallujah University, Faculty of Law ,Journal of Legal Sciences السنة(2) الجزء ,Four, Number One
- Mansour Hatem Mohsen and Osama Shahab Hamad, "The Talk of " by Following Its Products Commitment of Products
- Zainab Salah Wahab "Management Development and Its Impact on Ma'mun College -Al , Improving Productivity Efficiency" Alexandria ,Magazine, Sixth and Thirteenth Issues, Iraq
- Situational Thawili, Comparison between-Majid Abdul Jalil Sayed al ,٥٣Law and Islamic Jurisprudence, Hammurabi Journal of Studies, No. .2025 th Year١٤
- Civil Responsibility for Integrity by , Yaqub-Rabhi Ahmad Arif Al Obligation to Interpret the Characteristics of Hazard in the Seller, Journal , 57 .of Legal and Economic Research, Gersho University Jordan, No
- .Foreign sources
- Priyanka Verma, (2020) *Quality control* , Research Reviews: Journal of Medical Science and Technology (online) Volume 9, Issue1

**Electronic resources**

*Responsibility for* (2015) Bumdin Mahmoud and Maluk Mahfouz Online) Last visited 21/ 3/ 2025 at) , *Defective Products*
**http://dspace. Univ- adrar-.edu.dz/jspui/bitstream/123456789/4206/1/.**

*Civil Responsibility for Integrity in Compliance* (٢٠١٠) محمود عادل محمود *with Information in Violation of the Iraqi Consumer Protection Law No. المأمول Enforcement of the View Between Reality (٢٠١٠)Year (١)* at ٢٠٢٥/٧/٢٥ Last visited *(Online)*
***https//law.uodiyala.edu.iq%d8%a7%d9***

**Sarah Thamer Hadi "Quality Picture" Fourth Phase Lectures, .Agricultural Sciences / Anbar University, Faculty of Agriculture Retrieved fromhttps: //www.unbar . Edu.iq/ Agriculture college/catalog%D8%B3.. 2/2/1 Date of visit**

**Laws, decisions and guidelines**
of 40 .Civil Code No Iraqi
of 1 .Consumer Protection Law No Iraqi
of No. 54 Central Instrument for Testing and Quality Drawing Law
.Grade ٢٠١٠Year (11 ) .Iraqi Product Protection Law No
of ( 131 ) .New French Civil Code No
.Average ١٩٩٣ of the year (٩٢ / ٩٤٩)French Consumer Law No.
. Instructions ٢٠١١ (2 ) .Quality Sign No
١٩٩٧ ) American Negligence Liability GuidelinesRestatement of law of Tort ) .